# مێژووی ستراتیژییەکی شکست خواردوو
## لەپەڕاوێزی ڕێککەوتنی حدکا و کۆمە ڵەی شۆڕشگێڕدا

(بەشی یەکەم)



ئەیووب ئەیووبزادە

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەولدان بۆ لێک نزیکبوونەوە و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی،خاوەن مێژوویەکی لەمێژینەیە. دەتوانین بڵێین لە کوردستانی بندەستی ئێران تەمەنی ئەم سیاسەتە، خۆی لە زیاتر لە 50 ساڵ دەدا.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، واتە لە نێوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، دۆزی ڕزگاریخوازانی کورد لەژێرکارتێکردنی گەردەلوولی ئیدئۆلۆژی مارکسیزم-لینینیزم، لەدروشم و ئامانجە سیاسییەکانیدا تووشی وەرچەرخانێکی گەورە هات.بەڵام ئەو وەرچەرخانە هەنگاو نان بۆ وەگەڕخستنی پڕۆژەیەکی ناسیۆنالیستی نەبوو کە کولتوور ویەکێتییەکی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەیەکی دابەشکراو دا بەرهەم بێنێ. وەرچەرخانێک نەبوو لە پێناو کۆتایی هێنان بە لێکدابڕان وداگیرکراویی کوردستان و ژێردەستەیی کورد؛ بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەو وەرچەرخانە لە هەموو کاتێ زیاتر ڕەسمییەتی بە هۆویەتی لێکدابڕاویی نەتەوەی کورد دا.دۆزی نەتەوەیی کورد لەژێر تەوژمی فکریی و سیاسیی حیزبە سەرانسەرییە چەپەکانی نەتەوەی سەردەستدا، لە جێگای ئەوەی ببێتە نوێنەری کولتوورێکی سیاسیی ڕزگاریدەر، کەوتە حەولی خۆڕێکخستن لەگەڵکولتووری سیاسیی نەتەوەی باڵا دەست.

بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە، جۆری کار و ئیدئۆلۆژی و ناسیۆنالیزمی بەرزە فڕانەی ڕووناکبیران ونوخبەی فارس هەڵگری یەک سرووشت و یەک گەوهەر بووە. لە یەک پڕۆسەشدا کاریان بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد و هێشتنەوەی کورد بە کۆیلەتی کردوە.ئیتر لێرەوە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا بە مەسەلەی نیشتمانیی ئێران و ستراتیژی بزووتنەوەی کورد بۆ خودموختاری بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران دابەزێنرا.

یان ڕەنگە ڕاستتر بێ بڵێین: ئەو ڕێبازەی بە سەر بزووتنەوەی کورد دا سەپێنرا، کۆتایی بەو خەباتە مێژووییە دوور ودرێژە هێنا کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کرا بوو. تا ئەو کاتەی بزووتنەوەکانی کورد لە لایەن سەرکردە" کلاسیک "ەکانی کوردەوە ڕێبەڕایەتی دەکران، هەموو ڕاپەڕینەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان و خۆ جیاکردنەوە لە دەوڵەتی داگیرکەری تاران بوو. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری،سمکۆی شکاک و پێشەوا قازی محەمەد لە ریزی ئەو سەرکردە کلاسیکانە، دێنە ئەژمار.

جیا لە بیری سەربەخۆیی خوازی و بە دەوڵەتکردنی کورد، تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرکردایەتی ناسیۆنالیستی کورد ئەوە بوو،خۆی بە هیچ جۆرە ئیدئۆلۆژییەک نەدەبەستەوە .پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ ئەوەی بۆ بە دەوڵەتبوونی کورد، پشتیوانی سۆڤیەتی بە فاکتەرێکی گرینگ دەزانی، بەڵام لە هەمان کاتدا سنوورێکی دیاریکراوی لە گەڵ ئیدئۆلۆژی مارکسیزم- لینینیزم کێشا بوو. واتە جۆری تێڕوانین و پێوەندییەکەی، پێوەندییەکی سیاسی بوو تا فکری و ئیدئۆلۆژی و زاناتر لەوە بوو بیری مارکسیی بکاتە ماڵ بە سەر خۆی و نەتەوەکەیەوە.

بە ئاوا بوونی سێبەری ڕێبەرانی" کلاسیک"ی کورد بە سەر بزووتنەوەی کوردەوە، کەلێن و بۆشاییەکی گەورە هاتە ئاراوە. لە لایەک پڕکردنەوەی جێگای ئەوکەسانە هەروا کارێکی ئاسان نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە، پەرەگرتنی

شارنشینی وکرانەوە و روو لە زیادبوونی ناmwوەندەکانی خوێندن، لە هەناوی خۆیدا دۆخێکی نوێی هێنایە ئاراوە. ئەم دۆخە نوێیە سەر هەڵدان و لە دایکبوونی توێژی وردە بورژوازی کورد بوو.

یەکەم کارتێکەریی بیری چەپی سەرانسەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەرهەڵدانی ئەم توێژەوە هاتەئاراوە. هەرلەو کاتانە دابوو بە هۆی ناوەندەکانی خوێندنەوە، جۆرە رۆشنبیرییەکی تایبەتی لە نێو توێژی وردە بورژوازی کورد دەستی بە گەشە کردن کرد کە بە ئاشکرا شەقڵ و مۆرکی بیری حیزبی تودەی ئێرانی پێوە دیار بوو.

لە کوردستان ئەم رۆشنبیرییە زۆر زوو توانی گەرا بخا.قایل نەبوون بە سەرکردەیەکی " کلاسیک " ی کوردی وخۆدیتنەوە لە رێبازی سیاسی و فیکری حیزبی تودەی ئێران، لە زمرەی جۆر و چەشنی ئەم رۆشنبیرییە بوو.

لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم کولتورە سیاسیە، لە قالبی تیۆری و گوتاری سیاسی خۆیدا، چارەنووسی کوردی لە ناو چوارچێوەی ئێران دا بە گریمانەی دیموکراتیزە کردنی ئێرانەوە بەستووەتەوە و بەمجۆرە دۆزی کورد بە ئامانجی لاوەکی، لە رێباز و ئامانجە مێژووییەکەی خۆی بە لاڕێدا براوە.

دەشێ ئەم رەوتە لە بەر هەر هۆکارێکی نێوخۆیی یا دەرەکی بووبێ بە سەرەتای تەنگ و چەڵەمەی فیکری وسیاسی بزوتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابنرێ.

مامۆستا هێمن لە چەند دێڕێکدا باری فیکری وسیاسی مرۆڤی کورد لەو سەردەمەدا بەم شێوەیەی خوارەوەدەستنیشان دەکا: " لەو ساڵانە دا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر تەئسیری حیزبی تودەی ئێران دا بوو وئەوەندەی بەرەو خەباتی چینایەتی دەڕۆیشت لە خەباتی نەتەوایەتیدا کەمتەرخەمی دەنواند و ئەوەندە بۆ رووخاندنی کۆنە پەرەستی ودامەزراندنی دیموکراسی لە ئێراندا تێدەکۆشا، ئەستاندنی مافە رەواکانی گەلی کوردی لە پلەی دووەمدا دا دەنا. (بڕوانە پێشەکی دیوانی هێمن موکریانی. چاپی یەکەم .کوردستانی ئازاد ٢٠١٢)

تراژیدیای هەرە گەورەی کورد لێرەدا ئەوە بوو وەک نەتەوەیەکی حاشا لێکراو و ژێردەستە ئەو وەهمەی لا دروست بوو بوو کە بەرنامە و ئامانجی ستراتیژی بۆ نەتەوەی سەردەست دیاری بکا و هاوکات لە گەڵ ئەوەش نازناوی" برایان " بە رۆڵەکانی نەتەوەی سەردەست ببەخشێ.

ئەم کەشو هەوایە وەک بیر و روانینێکی سیاسی تا کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژەی هەبووە. بەڵام ئەم رێبازە فکری و سیاسییە ئەگەر تا ئێرە بەشێوەیەکی نەنووسراو و گەڵاڵە نەکراو باڵی بەسەر بیری زۆربەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کێشابوو، بە پێکهێنانی کۆنگرەی سێهەمی ئەو حیزبە دەرفەتی بە یاسایی کردن و تئۆریزە کردنیشی بۆ رەخسا.

هەموو ئەو کەرەسە و ماتڕیاڵانەی کە لەو کۆنگرەیە دا بۆ ساخکردنەوەی حیزبی دیموکرات بە کارهێنرا ، هاوردەیەک بوون کە لە دەزگای فکریی و سیاسیی حیزبی توودەی ئێران بەرهەم هاتبوون. لێرەوە ئیتر ئەرکی سەیرو سەمەرە خرایە ئەستۆی بزووتنەوەی کورد.

بە گویرەی ئەو رێبازە سیاسییە، دەبوایە بزووتنەوەی کورد لە بەردا حەول بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی ونیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیستی جیهانی بە گشتی و ئیمپریالیزمی ئامریکا لە ئێران بدا. هاوتەریب لە گەڵ ئەوەش بە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی دژی ئیمپریالیستی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان بۆ رووخانی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران و هێنانە سەرکاری رژیمێکی دیموکراتیک تێبکۆشێ. ئینجا لەدوای هەمووئەوانە جارێکی تر بۆ وەرگرتنی خودموختاری لەگەڵ ئەو دەستەڵاتە تازە بە دەسەڵات گەیشتووە بکەوێتە وتوویژ و دانوستانەوە کە داخوا دان بە مافەکانی کورد دادەنێ یان نا؟

لەو کاتەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکردە و رێبوارانی ئەم رێبازە، بۆ رێکلامی سیاسی، نازناوی سیاسەتی واقیعبینانەیان بەم ستراتیژییە بەخشیوەو ئەم هێڵە سیاسییە بە نیشانەی واقعبینی لە سیاسەتدا لە قەڵەم دەدەن. بەڵام لە راستی و عالەمی واقعدا، "واقعبینی" ئەم ستراتیژییە تەنیا لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و بڵاوکراوە حیزبییەکاندا بووە و بەس! ئەمرۆ پەنجا ساڵ دوای ئەو ستراتیژییە دوو حیزبی جیددیی ئێرانی لەو وڵاتەدا پەیدا ناکەی کە دان بە مافی کورد دابنێ. کەچێ سەیر ئەوەیە بە بەردەوامی لە نێو بیر وڕای گشتیی کۆمەڵگای کوردەواریدا تەبلیغ بۆ واقعبینانەبوونی ستراتیژیی بەئێرانی کردنی دۆزی کورد دەکرێ.

بەڵام ستراتیژیی بەئێرانی کردنی دۆزی کورد و حەولدان بۆ دیموکراتیزەکردنی دەزگا دەوڵەتییەکان لە ئێران هەر بەوەندە کۆتایی پێنەهات.پێ بەپێی سەپاندنی ئەم ستراتیژییە، دەسکەوتی هەرەگەورەی مێژووی هاوچەرخی کوردیش تووشی دەسکاری، دەستێوەردان، شێواندن و لێڵ کردن هات.بۆ ئەم مەبەستەش تا توانترا نکۆڵیی لە سەربەخۆبوونی

کۆماری کوردستان کرا و"ژێ کاف"بە ناسیۆنالیسمی بەرچاوتەنگ لەقەڵەم دەدرا و تەنانەت بە ناڕەوا بۆ هەرەسی کۆماریش دەستەواژەی خۆبەدەستەوەدان و ئاش بەتاڵ بۆ کەسایەتیی پێشەوا بە کارهێنرا.

بەڵام دانی خەسڵەتی دژی ئیمپریالیستی و خەبات بۆ هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتیک لە تاران، بە ناسنامەی فکری و سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان تا سەرنەیتوانی هەروا بێ ماڵیات بمێنێتەوە. دەبوو لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی ژیانی سیاسیی ئەو حیزبەدا، لکاندنی ئەو هەموو زرەپیناسەیە بە هەویەی سیاسی و فیکرییەوە، چەت بخاتە سەر ڕێگای کاریەوە.

رووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێران و بەدەستەوە گرتنی دەستەڵات لە لایەن ئاخوندەکانەوە لە تاران، دەم وکاتی گەیشتنی ئەو دۆخە بوو. لە کاتێکدا ماڵی کورد لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە تەبایی ویەکدەنگی هەبوو، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەو حیزبە بە پشتبەستن بە پەسندکراوەکانی کۆنگرە ی چوارەم لە ژێرناوی ئەوەی دەبێ " خەباتی کورد لە کاناڵی خەباتی دژی ئیمپریالیستییەوە بچێتە پێش" ریزی خۆیان لە ریزەکانی ئەو حیزبە جیا کردەوە.

ئەو درزە یەکەم نیشانەی ناکارا بوونی ئەو ناسنامەیە بوو کە بە بەری حیزبێکی میللی دووراببوو. "خاشەبڕکردنی نفوزی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری و نیزامی ئیمپریالیزم لە ئێران" چی دابوو بە کێشەی نەتەوەیەکی ژێردەستەی وەک کورد؟ کورد بۆ دەبوو لە پێناو گۆڕینی ڕێژیمێک لە تاران قوربانی بدا و تووشی ماڵوێرانی بێ، بۆ ئەوەی گرووپ و لایەنێکی تری ئێرانی بە دەستەڵات بگەن؟ خەباتی کورد بۆ کرابووە بەشێک لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و مەسەلەی کورد وەک دۆزی نەتەوەیەکی ژێردەستە، چ پێوەندییەکی بە چەمکی دیموکراسییەوە هەبوو؟

لانە کردنەوە لە هەر کام لەو پرسیارانە، بە مانای درێژەپێدان بەو ستراتیژە بوو کە لە کردەوە دا خەسارەکانی داوێنی حیزبەکەشی گرتبووەوە. هەربۆیە لە دوای لێکدابڕانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی دیموکراتیش لە یەکتر، حەول و بیری هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان بە هەمان ستراتیژییەوە، هەروا درێژەی پێدەدرا. هەڵبەت هەرکام بە ڕوو لێنان لە جەمسەرێکی جیاوازی ئێرانیی!

پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم روویان لە جەمسەری حیزبی توودە و سازمانی فیدائیانی ئەکسەرییەت کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش رووی لە ڕێکخراوی موجاهیدین کرد و بوو بە ئەندامی شووڕای بەرگری میللی موجاهیدینی خەڵک. هێندەی نەخایاند پەیرەوانیکۆنگرەی چوارەم بۆ هەمیشە لە لایەن حیزبی دایک (حیزبی توودە) وە ، قووت دران و کۆتایی بە ژیانی سیاسییان هات.

لەولاشەوە حیزبی دیموکرات پێی ڕێکخراوی موجاهیدینی لە کوردستان کردەوە و بوو بە هاوپەیمانی هێزێکی سەرانسەری کە نە تەنیاهیچ بارێکی لە سەر کورد و حیزبی دیموکرات سووک نەکرد، بەڵکوو موجاهیدین هەتا توانییان کەڵکی ئامرازییان لە بزووتنەوەی کورد و ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان وەرگرت.

چەند ساڵێکی نەخایاند هاوپەیمانانی سوێندخۆری دوێنێ ، بوون بە دوژمنی قەستەسەری یەک. بەڵام لە دوای شکستی ئەو تاقیکردنەوەیەش سیاسەتی گەڕان بە دوای هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە هەروا درێژەی پێدرا.

لەو قۆناخەدا حیزبی دیموکرات حەول و تەقەلایەکی زۆری دا شکستی هاوپەیمانییەتی لە گەڵ موجاهیدین بە دۆزینەوەی هاوپەیمانییەکی دیکە لە کەسایەتی و هێزە ئێرانییەکانی دیکە قەرەبوو بکاتەوە. کەسانی وەک" حەسەن نەزیە" و گرووپی وەک شورای موتەحیدی چەپی مەهدی خانبابا تارانی " کە نازناوی " نیروهای میانی "یان لە سەر خۆ دانابوو لەو کەس و گرووپانە بوون. بەڵام ئەو حەولانەش جگە لە بەفیڕۆ دانی کات و هێزی ماددی و مرڤی ئەو حیزبە نەیتوانی ئاکامیکی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

نەمانی یەکێتی سۆڤیەت و هەرەسهێنانی بیری سوسیالیزمی رووسی لە نێو چەپی ئێرانی، حەولەکانی ئەو حیزبەی بۆ پێکهێنانی جۆرە یەکێتییەک لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان، توشی تەنگ و چەڵەمەی پتر کرد. هەرەسی لە ناکاوی یەکێتی سۆڤیەت و لێکبڵاو بوونی چاوەڕوان نەکراوی وڵاتانی بلوکی شەرق وا بە خێرایی، گەورەترین ڕووداوی دوا ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم دێتە ئەژمار.هەڵوەشانەوەی ئەو بەرەیە تەنیا بە مانای کۆتایی هاتن بە تەمەنی چەند دەوڵەتێک نەبوو، بەڵکوو لە دڵی ئەو هەرەسەدا گەورەترین گۆڕانکاری هاتنە چێ بوون. لە لایەک کۆتایی بە جیهانی دوو جەمسەری هات و لە لایەکی دیکەوە مۆدیلی سوسیالیزمی رووسی قەڵەش و درزی تێکەوت. هاوکات بە دەیان نەتەوەی گەورە و پچووک لە ستەم و چەوسانەوەی چەندین ساڵە قوتاریان بوو و توانیان دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان پێک بێنن. لە کەش و هەوایەکی ئەو تۆدا ،هەموو هێزە سیاسییەکان بە گشتی و چەپی ئێرانی بە تایبەتی نەیان دەتوانی لە پریشکی ئەو گۆڕانکارییانە خۆ بە دوور بگرن.

مۆدێلی حیزبی لێنینی و فەلسەفەی سوسیالیزمی رووسی فەشەلی هێنابوو. چەپی ئێرانییش ناچار بوو لە هەمبەر ئەو ناکامییەدا، درەنگ یا زوو بێتە گۆ. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا زۆربەی هەرە زۆری چەپی ئێرانی ناچار بوو ماڵئاوایی لە بەشێکی هەرە گرنگی ئەو پرەنسیپ و بنەما فیکرییانەی خۆی بکا کە تا دوێنێ بەشێکی هەرە گرنگی ناسنامەی فیکریی و سیاسییانی پێک دەهێنا. رەتکردنەوەی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، ماڵئاوایی لە باوەڕ بە سیستەمی تاک حیزبی، گرنگیدان بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵێک لەو گۆڕانکارییانە بوون لە دەزگای بیری چەپی ئێرانیدا هاتنە گۆڕێ. تاپێش ئەو ئاڵوگۆڕانە، هەر کام لەو چەمک و بابەتانە لە بیری چەپی ئێرانیدا خرا بوونە پەراوێزەوە.

بۆ وێنە مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، بە بیانووی خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستی بە دەگمەن لای لێ دەکرایەوە. بەڵام لەچەرخ و خولێکی لە ناکاو دا دیموکراسیخوازی و مافی مرۆڤ بووە بەشێک لە ناسنامەی فیکریی و سیاسییان. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە دۆزی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکانی دانیشتووی ئێرانیش لە دەزگای بیری چەپی ئێرانی دا چاوخشاندنەوەی بە خۆیەوە بینی. ئەگەر لە روانینی رابردووی ئەواندا، مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتی بە "جوزئیک " لە پلانی خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری ئێران دەژمێردرا، بە هاتنە گۆڕی ئەو ئاڵوگۆڕانە پشت لەو رابردووەش کرا.

لێرە بەدواوە نەتەوە و نەتەوەخوازیی نەتەوە ژێر دەستەکان بە دیاردەیەکی ناهاوچەرخ و کۆنە پەرستانە لە قەڵەم درا و لە جێگای داننان بە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، ئەفسانەی " میللەتی ئێران"یان لە جێگە دانا.

بەمجۆرە ئەگەر تا دوێنێ چەپی ئێرانی لە ژێر دەمامکی ئیدئۆلۆژی مارکسیزم_لینینیزم دا بە شێوەیەکی شاراوە دیفاعی لە سەردەست مانەوەی ئێتنیسیتەی فارس لە دەسەڵاتدا دەکرد، دوا بە دوای رووخانی دیواری بەرلین، گوتاری چەپی ئێرانی بە پان فارسیسمێکی تۆخ و ئاشکرا مەتوربە کرا.

ئێترلێرەبەدواوە، چەپ و راست ، میللی و سێکۆلار، پان ئیرانیست و پاشاخواز، بۆ دژایەتی لە تەک دۆزی نەتەوەیی نەتەوە ژێردەستەکان خۆیان لە هاوپەیمانییەکی رانەگەیێندراو دا دیتەوە.

تیرۆری زیندە یاد" دوکتوور شەرەفکەندی " لە بێرلینی ئاڵمان، راست لە دەم و کەشو هەوایەکی وادا بوو. ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە بۆ ئەو دانیشتنە بانگهێشت کرابوون، بریتی بوون لەوانەی کە تەنیا ماوەیەک لەوەوبەر لەگەڵ " نادر صدیقی" نێردراوی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی رێژیم ،چاوپێکەوتنیان ئەنجام دابوو.

بە گوێرەی ئەوەی " حمزه فراهتی " لە بیرەوەرییەکانیدا لێی دەدوێ، مەسەلەی سەرەکی وتووێژ لەگەڵ"صدیقی"مەسەلەی " گەڕانەوە بۆ ئێران" بوو.

لە دوای ئەو کارەساتە، بە هەموو حیساب و پێوانەیەک پێویست بوو رێبەرایەتی ئەو حیزبە هەڵوێستەیەک لە سەر رێبازە ستراتیژییەکەی خۆی بکا و خەسارناسیی ئەم رێبازە بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. چوونکە کارەساتی بێرلین تەنیا کوشتنی چەند تێکۆشەری کورد نەبوو، بەڵکوو لەهەمان کاتدا شکستی رێبازی ستراتیژیکی ئەو حیزبەش بوو.

لەم سەردەمە تازەیەدا جیهانبینی و زمانی سیاسیی حیزبی ئێرانی هاتبووە گۆڕان. قەیرانی ئیدئۆلۆژیکی حیزبی ئێرانی، بە وەرگرتنی ناسنامەی پان فارسیسم قەرەبوو کرابووەوە.ئەگەر لەمەو بەر دەوڵەتەکان بوونی کورد و بزووتنەوەی کوردیان بە مەترسی هەڕەشە بۆ سەر سەروەری وڵات و یەکپارچەیی خاکی ئێران پێناسە دەکرد، لە دوای نەمانی جیهانی دووجەمسەری و درز تێکەوتنی چەمکی سەروەریی دەوڵەتان، ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریش لە هەمان گۆشە نیگاوە لە دۆزی کوردیان روانی و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتەکەیان حیسابیان بۆ کرد.

لە کەشو هەوایەکی وا دا حیزبی کوردییش پێویستی بە پێناسەکردنەوەی سەرلە نوێی خۆی هەبوو. رێبازی فیکری و ئیستراتیژی سەردەمی شەڕی سارد، چیتر نەیدەتوانی زمانی حاڵی نەتەوەخوازیی کورد و ئەو دۆخە بێ، بەڵام رێبەرایەتی چاخی نوێ نە تەنیا هەوڵی چاوپێداخشاندنی بەو ئیستراتیژییە نەدا، بەڵکوو بە تەواوی بوو بە حیزبێکی دوورەپەرێز.

بە درێژایی چەندین ساڵ بێدەنگییەکی سەر سووڕهێنەر باڵی بە سەر وزەی رووناکبیریی ئەو حیزبە دا کێشا.لەو ساڵانەدا جۆری هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لە حاند ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ترس لە ململانێ و پێشگرتن لە بارگرژی بوو. بەڵام بە چ نرخێک و بە چ حیسابێک، ئەوە زۆر گرینگ نەبوو، گرینگ ئەوە بوو ئەندامانی ئەو حیزبە بەوە دڵخۆش بکرێن کە توندوتۆڵترین پێوەندییان لە گەڵ حیزبی ئێرانی هەیە.

رەنگە لە قۆناخی شەڕی سارد دا ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان جۆرێک لە ژێر بێژی هاتبایە ئەژمار، بەڵام دۆخی دنیای دوای شەڕی سارد، جێگایەکی بۆ ئەم هەڵسوکەوتە نەهێشبووەوە. لە بارودۆخێکی وا

دا پێویست بوو کوردیش بە ڕاشکاوی لە دۆزی خۆی بدوێ و مل بۆ ئەو چەمکانە دانەنەوێنی کە لە دەزگای بیری هێزە ئێرانییەکاندا لە حاڵی بەرهەمهێنان دابوون.

ئیستراتیژیی خەبات بە دژی سەرەڕۆیی لە تاران و بەدەسهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی لۆکالی بۆ کورد، بەرهەمی شەڕی سارد و لەژێر کارتێکەریی بیری حیزبی سەرانسەری بەرهەم هاتبوو. بە برانەوەی ئەو سەردەمە، کوردیش پێویست بوو ماڵئاوایی لەو میراتە بکا و خۆ لە دیسکۆرسی زاڵی رابردوو دەرباز بکا و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆی ستراتیژییەکی نوێی سیاسی و نەتەوەیی ئاوا بکا.

ترۆپکی بێ خەبەریی ئەو حیزبە لە کەشوهەوای سیاسی و فیکری، دانی بەیاننامەی هاوبەش لەتەک " پانئێرانیستەکان " بوو. لە لایەکەوە لە کۆنگرەی سێزدەهەمی ئەم حیزبە ئۆتۆنۆمی خوازی جێگای خۆی بەفیدڕالیزمی نەتەوەیی دابوو، کەچی سەیرئەوە بوو لە هەمان کاتدا رێبەرایەتی ئەو حیزبە بەیاننامەیەکی لەلەگەڵ پان ئێرانیستەکان واژۆ کرد بوو کە لەو دا کورد وەک" قەوم " پێناسە کراو نووسرابوو: " اعتراف بە حقوق اقوام و تامین آزادیهای مصرح دراعلامیەی جهانی حقوق بشر، متعهد بە مبارزەی مشترک تا دستیابی بە آن ها" . لەوەش کەشخەتر لە بەیاننامەکەدا باس لە " اتحاد پاینده و یگانگی ملت ایران" کرابوو. ئەوەش بە ئاشکرا بە مانای رەتکردنەوەی بوونی فرە چەشنی نەتەوەیی لە ئێران و ناتەبا لەگەڵ مافی سیاسی کورد دەهاتە ئەژمار .

لە راستییدا حیزبی دێموکرات لەو کاتە دا بەیاننامەیەکی واژۆ کرد کە هەم دژ بە مافی نەتەوەیی کورد بوو، هەم تەنانەت دژ بە بەرنامەی سیاسی خۆی.

کاتێک باس لە " قوم" بوونی کورد دەکرێ، دەس بە جێ نکۆڵی کردن لە مافی سەروەری بۆ کورد دێتە ئاراوە و دۆزەکەی بۆ ئاستی پرۆژەی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی دا دەبەزێندرێ و ئەوەش مەبەستی حیزبی پان ئێرانیست و هەموو هێزێکی رەگەز پەرستی سەر بە نەتەوەی دەسەڵاتدارە.

کوردستان چوارچێوەیەکی جوغرافی – نەتەوەیی هەیە. سنووری مێژوویی خۆی دیارە. بە زۆر داگیر کردنی ئەو نیشتمانە، بە مانای ئەوە نییە بۆ هەتا هەتایە حەقی سەروەری بۆ داگیرکەر مسۆگەر بوو بێت. کەچی سەیر ئەوە بوو بە هەمان ئەندازە سیاسەتی گەڕان بە دوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان لەگەڵ شکست و ناکامی روو بەروو دەبوو، هەر بە هەمان رادە و بگرە زیاتریش مەیلی تامەزرۆیی بۆ درێژە پێدانی ئەو ستراتیژە رووی لە زیاد بوون دەکرد.

بە دامەزرانی تلویزیۆنی تیشک حەولەکانی ئەو حیزبە بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە رەوت و تەیارە جۆراو جۆرەکانی سەر بە ماڵباتی بیری پان ئێرانیستی خۆی لە پانتایی و بەرینایییەکی گەورەتر دا بینییەوە.ئەو دەزگایەی کە دەبوو گیانێکی نوێ بە بەر نەتەوە خوازی کوردا بکا و بە زمانێکی راشکاو لەگەڵ بەرانبەرەکانی بدوێ، بە کردەوە بوو بە مینبەرێک بۆ تەبلیغاتی پان ئێرانیستی. بۆ ئەم مەبەستە تا ئەو جێگەیەی بۆیان لوا، هەرەشەی سێڵاو بۆ سەر مەقبەرەی کوورشی کەبیریان بە دوور و نزیک گەیاند. بە دەیان بەرنامە بۆ باس لە سەر ئێرانی باستان تەرخان کرا.لەو بەرنامانە دا ئەوەندەی کرا چیرۆکی شکۆ و عەزەمەتی ئێرانی باستانیان بە نەقڵی جۆراوجۆر گێڕیەوە. لەو مەیدانە دا تەنانەت تا ئەو جێگایە لینگیان دا، بریاری لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد بە بریاری ئامریکا لە قەڵەم بدەن، نەک حەمە رەزا شای پەهلەوی.

بە کورتی بڵێین بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، گیان و رووحی ئێرانچێتی، هەڵبەت لە چەشنی پان ئێرانیستییەکەی، دیفاع کردن لە تەواوییەتی ئەرزی و بە پیرۆز لە قەڵەمدانی و خۆ کەمبینییەکی نەتەوەیی لە حاند نەتەوەی فەرمانڕەوا لە تایبەتمەندییەکانی بەشی فارسی ئەو میدیایە بوو.

هەر لە درێژەی ئەو هێڵە دا، هەر لەو قۆناخە دا بیر لە داهێنانێکی نوێ کراوەیەوە. ئەویش کەشفی ئەسلی دیالۆگ بوو. بە کەشفی ئەو ئەسلە بەرپرسانی ئەو حیزبە رێگا دەستیان بۆ کرایەوە دانووسان لەگەڵ گشت لایەک بکەن و لە هەمان کاتیشدا هیچ لۆمەش نەکرێن.

ئەگەر تائێرە تەنیا لەگەڵ سەریکی حیزبی پان ئێرانیست دەس بە دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش کرابوو، بەڵام هێشتا لووتکە و جەمسەری دیکەش بۆ دەس پێ ڕاگەیشتن مابوون.

واتای پان ئێرانیسم هەر وەک لە بیچم و ناوەڕۆکەکەیەوە دەر دەکەوێ، خولیایەکی فرە خواز و فرە چەشنە. مەرج نییە ئەو بەرگە تەنیا بە بەریی " محسن پزشک پور" لە تاران دوورابێ. لە خەرمانی بیری پان ئێرانیستی دا کام حیزبی سەرانسەری هەبووە شەن و کەوی نەکرد بێ و خەرمان لوغەی وەرنەگرتبێ. لە راستیدا تایبەتمەندیی ئەم "پان"ە هەر لەوە دایە سەری بە هەموو ماڵێکی سیاسی نەتەوەی فەرمانڕەوا دا کردووە. لەو نێوەشدا و لە میانی هەوڵەکانی ئەو

حیزبە دا سەرێکی ئەم " پان" ە هێشتا نەهاتبووە دواندن. ئەویش کوڕی شا بوو کە خۆی بە میراتگری تاج و تەختی لەکیس چووی باو و باپیری دەزانێ. بەم جۆرە لە ژێر دمامکێکی چەواشە کارانەی بە رواڵەت مۆدێرن دا کە ئەسلی دیالۆگ بێ، ئەو هێڵە سوورەش بەزێندرا و میراتگرانی بکوژانی سمکۆ و قازی محەممەدیش بەسەر کرانەوە!

لە تەنیشت هەموو ئەمانە بە درێژایی ئەو ساڵانە بە هەزاران دۆلار لە سەروەت و سامانی ئەو حیزبە بۆ بەشداری لەگەڵ کۆڕ وکۆمەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە فیڕۆ دراوە. بە سەدان وتار، بەتایبەت لەمەڕ پێویستی یەکریزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاتووەتە نووسین. لەوانەش گرینگتر دەیان ساڵە لەو وڵاتە مێشکی ئینسانی کورد بە وادەی دان پێداهێنانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە مافەکانی کورد، دەخاپێندەری و تووشی " وەهم " دەکرێ. گەلۆ پرسیار ئەوەیە دوای پتر لە 50 ساڵ کار و تێکۆشان، ئاکامی ئەو ئیستراتژییە چ بووە؟ سەرکەوتنی ئەو ستراتیژە لە کوێدابووە؟ ئیستراتیژییەک نەیتوانیبێ دوای پتر لە 50 ساڵ بە قەدرایی تاقە تۆزقاڵێک سەرکەوتوو بووبێ، داخوا دەبێ حیکمەتی درێژە پێدانی لە چ دابێ؟

لە هەر گۆشە نیگایەکەوە بۆ هێرشی بەکۆمەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بڕوانیین، ئەوە نابێ بە مانای هەقانییەتێک بۆ ئیستراتیژی شکستخواردووی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بژمێردرێ. ئەگەر کورد لە لایان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە لەو وڵاتە حیسابی کۆیلەیەکی بۆ دەکرێ کە دەبێ هەتا هەتایە بەشخوراو و بندەست بمێنێتەوە، دەبێ بەشێکی هەرە زۆری ئەم ڕوانینە بۆ چارەنووسی، بە حیسابی ئەو ئیستراتیژییە بنووسرێ .

ئەگەر تا ئێستا بۆ ناکارا بوونی ئیستراتیژی بە ئێرانی کردنی مەسەلەی کورد و حەولدان بۆ دیموکراتیزە کردنی ئەو وڵاتە بە هاوکاریی لە تەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، مرۆڤ پێویستی بە باسێکی سەلمێنەرانەی نەزەریی هەبوو بێ، ئیتر لێرە بەدواوە رەنگە حەوجێ بە کارێکی ئەوتۆ نەبێ. ئەوڕۆ هەموو کەس دەتوانێ لە کردەوەدا شکستی ئەو ئیستراتیژییە و ئاکامی سیاسەتی" تقیەی" ئەو دوو حیزبە لە هەمبەر ئۆپزیسیۆنی ئێرانی بە چاوی خۆی ببینێ.

بەشی زۆری پێنووسی ئەو کوردانەی لەم رۆژەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی رۆشنبیر و سیاسی کاری فارس کەوتوونە گەڕ، تەنیا دیوێکی تراژیدیای کورد بوون لە ئێران، دەگێڕنەوە. گوتنی ئەوەیکە حیزبە ئێرانییەکان لە روانگەیەکی رەگەز پەرستانەوە لە دۆزی کورد دەڕوانن، تەنیا دیوێکی حەقیقەتەکەمان پێدەڵێ و چ داهێنانێکی تازە نییە.

دۆخی ژێر دەستەیی کورد و داگیر کراوی کوردستان لەو وڵاتە لە چەشنێکی تایبەتە. لێرە کوردی کۆیلە تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە تاران لە کێشە دا نییە، بەڵکوو لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەشەوە حاشا لە ماف و بوونی دەکرێ.

کاتێ ئەلجەزایر لە لایەن دەسەڵاتی فەرەنسەوە داگیر کرابوو، ئەلجزاییرییەکان بە پێچەوانەی کوردەکان لە حاند ئەو داگیرکارییە بە تەنیا نەبوون. لە فەرنسە لە نێو ماڵی خودی داگیرکەردا، دەنگی دەیان ناوەند و زانکۆ و حیزب و کەسایەتی لێ بەرز بووبووەوە.کەچی لە ئێران ئەمە بەپێچەوانەیە. هەڵەیە هەر کەس وا بیر بکاتەوە بنەماکانی دەوڵەتی تاک نەتەوە لە لایان رەزاشاوە تیۆریزە کراوە. زۆر پێش لە هاتنە سەر کاری رەزاشا، بیری بە فارس کردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە لایەن نوخبەی خوێندەوار و رووناکبیر و سیاسەتوانی ئەو وڵاتەوە فۆرمۆڵە کرا بوو .

بەرهەمهێنانی هزری رەگەز پەرستانە لە ئێران، کاری بەردەوامی پتر لە 100 ساڵی رۆشنبیر و حیزب و سیاسەتوانی فارسی ئەو وڵاتەیە.

رەگەز پەرستیی فارس لەو وڵاتە بووەتە جۆرێک لە کەلتوور و جیهانبینی و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوی دیی. کاتێ بێشەرمی سیاسیی حیزب و رووناکبیری ئەو وڵاتە بەو رادەیە دەگا کە نکۆڵی لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و لە هەبوونی نەتەوەی حاکم و مەحکوم بکا، ئیتر چ پردێکی هاوبەش و چ زمانێکی هاوبەش دەتوانێ لە ئارا دا بێ؟

گرفتی سەرەکی ئەو دوو حیزبەش ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەوانە دەبینن، بەڵام نە حازرن بڕۆکەیەک زمانی راشکاوی سیاسی "بێ تەقیە " لەمەڕ هەڵسوکەوت لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان بەکار بێنن و نە قایل بەوە دەبن چاوێک بە رێبازی تا ئێستایاندا بخشێننەوە.

لەگەڵ هاتنی ئەو ستراتیژییە بۆ ناو بزووتنەوەی سیاسیی کورد، سەخڵەتییەکانی کورد پتر کرا. ئەگەر نەتەوە خوازیی لە هەر وڵاتێک پشت ئەستوور بە گوتار و شێوە فکرێکی تایبەتە و بە بوونی سیماو رەنگ و رێبازێکی دیاریکراوی رزگاریخوازانەوە دەناسرێتەوە، لە کوردستانی بندەستی ئێران، وێنە و روخساری ئەو نەتەوە خوازییە لە کەس دیار نییە. یا خۆ رەنگە باشتربێ بڵێین جۆری ئەو نەتەوە خوازییە، بیرێکی گەڵاڵە نەکراو و نەنووسراوە، نە لە دۆست دیارە و نە لە دوژمن ئاشکرا. دوای ئەو هەموو ساڵانە، ئێستاشی لە گەڵ دابێ لای ئەو جۆرە نەتەوەخوازییە روون نەکراوەتەوە کە مەبەستی لە کورد بوون چییە؟ کورد بە کێ دەڵێن؟ کوردستان کوێیە؟ سنووروی ئەو وڵاتە لە کوێوە دەس پێدەکا و لە

کوێ کۆتایی پێدێ؟ ئێمە کێین؟ تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان چییە؟ لە کوێوە هاتووین؟ چیمان دەوێ ؟ ئایا کورد نەتەوەیە یاخۆ قەومە؟

هەڵبەت گرفت و تەنگ وچەڵەمەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە هەر روو بە ناوەوە نییە، بەڵکوو روو بە دەرەوەی خۆشی هێشتا نەیتوانیوە هێڵی جیاکەرەوە لەگەڵ دژە شوناسەکانی تیۆریزە بکا. واتە ئەگەر بە دیوی ناوەوە نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی هەموو ئەو پرسانە بدا کە هەموو بزاوتێکی ناسیۆنالیستی پێویستییەتی، روو بە دەرەوەش، هەر بە هەمان شێوە لە جۆری نەتەوەخوازییەکی بێشوناس وشەرمێونە.

ناسیۆنالیزم، تەنیا کارکردن لە سەر بردنە سەرێی رادەی هەست و سۆزی ئەندامانی نەتەوە نییە. لە هەموو بزاوتێکی رزگاریخوازانە دا ناسیۆنالیزم ئەو کاتە توانیویەتی سەردەمی کاڵ و کرچی و ساوایی خۆی جێ بهێڵێ کە هەموو خەم و سەرقاڵییەکانی پێوەندی بە مەسەلە ستراتیژییەکانەوە بووبێ. سەرکەوتنی هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بەر لە هەرشتێک گرێدراوی ئەو تێڕوانینە نێوخۆییەیە کە نەتەوەیەک لە رێگای ئەوەوە تەعبیری لە بوون و چارەنووسی خۆی کردەوە.

لەو نێوەشدا کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ و چارەنووس ساز هەروا بێ وەڵام ماونەتەوە.وەک ئەوەیکە: مەبەست لە ئێرانی بوونی کورد چییە؟ پێناسەی ئێرانی بوون لە چی دایە؟ شەرت و مەرجی کورد بۆ ئەو ئێرانی بوونە بە چییەوە گرێ دەدرێ؟ ئەگەرکورد ئێرانییە بۆ بە تاوانی کورد بوون راودەنرێ، قەڵاچۆ دەکرێ و هێرشی بێ بەزەییانەی دەکرێتە سەر؟ ئایا مەسەلەی کورد پێوەندییەکی جەوهەریی بە مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی ئێرانەوە هەیە؟ دیموکراسی چییە؟مافە یاخۆ زەرفە؟

دۆزی کورد لە کۆنسێپتی دێموکراتیزە کردنی ئێراندا لەکوێدا خۆی دەبینێتەوە؟ داخوا لەو حاڵەتە دا وەک نەتەوە باس لە بوون ومافەکانی کورد دەکرێ یاخۆ وەک ئەوەی ئێرانییەکان دەڵێن وەک کەمە نەتەوە و قەوم؟ لەوانەش بترازێ داخوا ئێران کەی دیموکراتیزە دەبێ؟ زیاتر لە سەد ساڵە نوخبە و حیزبی ئێرانی بە مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکەیانەوە سەرقاڵن، کەچی هێشتا نەگەیشتوونەتە دەسپێکیش. گەلۆ پرسیار ئەوەیە کورد دەبێ چەندی تر بە تەمای ئەم" مدینە فاضلە" یە رابوەستێ؟

زیاتر لە 50 ساڵە لەو وڵاتەی ئێمە بە هۆی کار تێکردنی ئەدەبیاتی سیاسی ئەو حیزبە، خەونی دێموکراتیزە کردنی ئێران لای ئینسانی کورد کراوەتە نوشتەیەکی سێحراویی کە هەر کە بگاتە لای ئیتر کۆتایی بە هەموو ئازارەکانی دێنێ، خافڵ لەوەیکە ئەو رۆژەی ئەو وڵاتە بە دەمامکی دێموکراتی دەرازێتەوە، راست هەر ئەو کاتە بۆ هەمیشە بە کۆیلە مانەوەی کورد بە یاسایی دەکرێ.

ئەورۆ کە هیچ باسێک لە دێموکرات بوونی ئەو وڵاتە لە ئارا دا نییە،حیزبی ئێرانی دوورە وڵاتی بێدەسەڵات بەوجۆرەی دیتمان هێرشی هێنایە سەر مافەکانی کورد، تۆ بڵێی ئەگەر سبەینێ جۆرە هەڵبژاردنێکی ئازاد لەو وڵاتە بکرێ و کوردیش پێداگری لەسەر مافەکانی بکا، داخوا دەبێ چ هەرەوەزێکی خوێناویی بە دژی رێکبخرێ.

کەچی لە کەیسی ئەو جۆرە نەتەوەخوازییە دا، ئەو هەموو بەرزی و نزمی و هەڵکشان و داکشانە، بەجۆرێک لە زۆر زانیی و" فێڵزانیی سیاسیی" دێتە ئەژمار!.

بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە لەسیاسەت، رەنگ گۆڕینی بەردەوام، نەوعێک " واقعبینی" و هونەری سیاسییە. قسە نەکردنی راشکاوانە لە دۆزی نەتەوەیەکی ژێردەستە، ژێربێژیی و رەچاوکردنی مەسلەحەت و هێشتنەوە بۆ کاتی لەبارە! ئەو " کات " و" دۆخ"ەی کە کەس نازانێ کەی دێ و نیشانەکانی چیین و مرۆڤ چۆن دەتوانێ هاتن و گەیشتنی" کات "و" دەرفەت" ی لەبار هەست پێبکا و هەوڵی قۆزتنەوەی بۆ بدا.

زیاتر لە پەنجا ساڵە هەڵگرانی ئەم ئیستراتیژییە پێمان دەڵێن: حیزبی ئێرانی هاوچارەنووس و هاوخەباتی گەلی کوردە و دەبێ لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی فارس و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا فەرق و جیاوازی دابندرێ، بەڵام لەچاو ترووکانێکدا دەردەکەوێ بنەما فکرییەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش لە سەر شکاندنی نرخی ژیانی کورد و بە کۆیلە هێشتنەوەیئەو کوردە وەستاوە.

هەڵگرانی ئەم ستراتیژییە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە جارێک بۆ هەمیشە حەولیان نەداوە روونی بکەنەوە مەبەستییان لە"رزگاری"و "کوردبوون"و" نەتەوەیی بوون" چییە؟ لە لایەک لە ئەدەبیاتی سیاسی دا لە واتای " ئیستعمار"و داگیرکەر کەڵک وەردەگرن، بەڵام لەهەمان کاتدا لە هەڵگرتنی دروشمی رزگاریی لە دەوڵەتی داگیرکەر خۆ دەدزنەوە. کەچی سەیر ئەوەیە هەر بۆ هەمان داگیرکەر، خۆی بە هاوچارەنووس و هاو خەبات دەناسێنێ.لە لایەک باس لە شوناسی کورد بوون دەکا، بەڵام هەر راست لە هەمان کاتدا دژە شوناسی ئێرانی بوون لە سەر کورد دەکا بەماڵ و خۆی لە هەموو

ئێرانییەک بە ئێرانیتر دەزانێ. خۆی بەحیزبی نەتەوەی کورد پێناسە دەکا، بەڵام لە چەرخ وخولێکدا لە بەیانییەی هاوبەش لە تەک حیزبی پان ئیرانیست دا نەتەوەکەی دەکا بە "قەوم"ولەو رێگایەوە گەورەترین قەیرانی شوناس بۆ نەتەوە بوونی کورد چێ دەکا. باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد دێنێتە گۆڕێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هەڵگری درووشمی خاپێنەری برایەتیی درۆزنانەی کورد و فارس و لەمەش سەیرتر سوێند بە یەکپارچەیی خاکی وڵاتێک دەخوا کە ئەگەر نەبوایە ئەو کوردە نە تووشی هەرەسی کۆمار دەبوو، نە جیهادی لە دژ رادەگەیندرا، نە قاڕنا و قەڵاتانی لە ناو خوێندا دەگەوزاو نەنەتەوەکەی هەر وا ژێرچەپۆکە و بەش مەینەت دەمایەوە.

هەر نەتەوەیەک بۆ ماوەیەکی ئاوا دوور و درێژ نەیتوانیبێ برۆکەیەک لە ئامانجەکانی نزیک ببێتەوە،بیانووی راستەقینەی نامێنی بۆ گەیشتنی.گرفت و ململانێی نێوان کورد و حیزبی ئێرانی بە هەموو رەوتە جۆرا و جۆرەکانیەوە، مەسەلەی کەمهێنانی دیالۆگ و دانوستان و نەبوونی متمانە و خەراپ تێگەیشتن لە کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی تیئۆریکی وەک، قەوم و نەتەوە و شتی لەم بابەتە نییە. قسە کردن لە ململانێی نێوان ئەم دوانە قسە کردنە لەسەر دوو دۆخی جیاواز و دوو پرۆسەی مێژوویی جیاواز لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیە دا.

ئەگەر گرفتی حیزب و رووناکبیری ئێرانی،گرفتی نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد و نەبوونی ئازادیی بەیان و بڵاوکراوە و شتی لەم بابەتە بن، گرفتی کورد گرفتی نەتەوەییە، پرسی خاک و سنووری نیشتمانە، گرفتی زمان و ناسنامەیە، دووڕیانی نێوان بوون و نەبوونە.هەموو ئەم گرفتانەش لەگەڵ دەسەڵات و نەتەوەخوازیی فارسە. بۆیە ئەوەی بۆ حیزب و رۆشنبیر و سیاسەتمەداری ئێرانیی چارە نووسساز دێتە ئەژمار، مەرج نییە بۆ نەتەوەی کوردیش بە هەمان مانا بێ. لەم رووەوە ئەوەی کە کورد و فارس وەک دوو دژبەری لە ئاشتی نەهاتوو، ناتوانن بە لێک تێگەیشتنێکی هاوبەش بگەن، بە هۆی هێندێک رووداوی لابەلا و رووداو و رێکەوتی خەراپەوە لێک نادرێتەوە.

ململانێ و کێشەی نێوان کورد و حیزبی ئێرانی، ململانێی نێون دوو جۆر لە نەتەوە خوازییە. یەکیان نەتەوە خوازییەکی دوور خراو لە دەسەڵات و سەروەریی سیاسییە، کە حەز و خولیای چێ کردنی مالیکی سیاسییە، ئەوی دیکەیان نەتەوە خوازییەکی دەوڵەتییە و هەتا بووە بۆ مل پێ کەچ کردن و توانەوەی ئەویتر حەولی داوە. واتە بە مانای راستەقینەی وشە هەڵگری سرووشتێکی داپڵۆسێنەرانە و داگیرکەرانە بووە.ئەم نەتەوە خوازییە تا دڵ دەخوازێ لە بە کۆیلە کردن و ژێر چەپۆکە کردنی ئەویتر چێژ وەردەگرێ و ئەو کاتە هەست بە سووکنایی و بوونی خۆی دەکا، کە ئازار و ژان و برکی ئەوانیتر ببینێ. رەنگە لێرەدا راستترە بڵێین نەتەوەخوازیی فارس، تا سەر ئێسقان لە چەشنی نەتەوەخوازییەکی نەخۆشە.

بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی بەشێکی زۆری حیزبە کوردییەکاندا دەگوترێ، جۆری پێوەندیی ئەو نەتەوەخوازییە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هیچکات لەسەر بنەمایەکی ئینسانی و برایانە نەبووە. هەڵسوکەوتی ئەو نەتەوەخوازییە لەگەڵ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لەوەتا بووە لە جۆری پێوەندیی نێوان حاکم و مەحکوم بووە.

لەو ولاتە بۆ کۆتایی هێنان بەم دۆخە نابەرابەرە گۆڕانی پارسەنگی هێز بە قازانجی کورد بە تەنیا، بەس نییە. ئەوە راستە لە جیهانی سیاسەت دا بە تایبەتی لە دۆخی نەتەوەیەکی دابەشکراوی وەک کورد دا، خۆ رزگار کردن پێویستی بە توانا و هێزی پڕاکتیزە کردنە.بەڵام لە زۆر بڕگەی مێژوویی دا لە ژیانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دا " ویست " یش دەبێتە خوڵقێنەری هێزو رەخساندنی دەرفەت. زۆر جار دیتراوە نەتەوەیەک لەگەڵ ئەوەی هەلی زۆر بە دەگمەنیشی بۆ هەڵکەوتووە، کەچی لە نەبوونی " ویست" دا نەیتوانیوە کەڵکی تەواو لە هێز و ئەو بارودۆخە وەربگرێ کە بۆی رەخساوە.باشووری کوردستان لە دەم و کاتی رووخانی دەوڵەتی عێراقدا، وێنەیەکی هەرە بەرچاوی ئەو راستییەیە. هەل و دەرفەتیکی لەو چەشنەی لە عێراق بۆ کورد هاتە ئاراوە، رەنگە هەر چەند سەدە جارێک لە ژیانی نەتەوەیەک دا بڕەخسێ. بەڵام چونکە گوتاری حیزبی سیاسی کورد بە زەقی هەڵگری مۆرک و شەقڵی سەردەمی شەڕی سارد بوو، ئەو هەلە زێڕینە لە کیس درا.

کەمووکوڕی و گرفتی هەرە گەورەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە پلەی یەکەم دا مەسەلەی هێز نییە. بەڵکو ئەو ستراتیژییەیە کە ماوەی پتر لە 50 ساڵە لە ناو هەناوی خۆیدا شکست لە دوای شکست بۆ مرۆڤی کورد، بەرهەم دێنێ.

پتر لە 50 ساڵە دۆزی کورد لەو وڵاتە مەحکومی مەرجە ئابووری و سیاسی و کەلتوورییەکانی وڵاتی داگیرکەر، کراوە و نەیتوانیوە خەبات بۆ ئامانجی راستەقینەی خۆی بکا. قەتیس کردنی دۆزی کورد بە مەسەلەی دێموکراتیزە کردنی ئێرانەوە، دەسپێک و سەرەتای ئەم لادانە مێژووییە بوو کە بە سەر بزووتنەوەی کورد دا سەپێندرا.

ئەزموونی خەباتی رزگاریخوازانەی زۆر نەتەوە تا ئێستا نیشانی داوە کە دێموکراسی کەرەسەیەک نییە بۆ بە دەوڵەت گەیاندنی نەتەوەیەکی دوورەوە خراو لە سەروەری و دەسەڵات. دێموکراسی ئامانج نییە، بەڵکووزەرفە.شێوەیەکی بەڕێوەبردنی وڵاتە.ئەم چەمکە هیچ شتێکی کۆنکرێتمان سەبارەت بە باری راستەقینەی دەسەڵات پێناڵێ. لە هەموو

شوێنێکی ئەم دونیایە دێموکراسی لە حاند دەربڕینی جیاوازیی ئەتنیکی و چینایەتی.. هتد چەمکێکی بێ هەستە و دەستەبەر کردنیشی بە مانای یەکسانی نیوان نەتەوەکان نییە. مەسەلەی کورد، مەسەلەی کورد و کوردستانە.کورد و کوردستان دوو واتان کە پێکەوە و بەیەکەوە بەستراون.کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و کوردستان خاکیەتی. مەسەلەی کوردستان رزگار کردنی وڵاتە و دۆزی کوردیش سەربەخۆیی نەتەوایەتییە.

بیری دێموکراتیزە کردنی ئێران، بیرێکی خورافییە. دژ کردەوەی هێزە ئێرانییەکان لە حاند بەیاننامەی هاوبەشی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێر، تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆ ئەو ئیستراتیژییە. ئەو تاقیکردنەوەیە نیشانی دا جێگیر کردنی نیزامێکی فیدراڵی هەر بە دانی شیعار نابێ. تاکەی دەکرێ ئەو دو حیزبە هەر پێکەوە دانیشن و لای خۆیانەوە لە پەسنی فیدرالیزم بدوێن و بڵێن چەند باشە، بەڵام هیچکات بیرێکی ورد لە دژبەرەکانی و لە میکانیزمی گەیشتن پێی نەکرابێتەوە.

هەڵوێستی حیزب و لایەنە ئێرانییەکان بۆ ئەو دوو حیزبە وڵامێکی سەر راست و یەکلا کەرەوە بوو. ئەوان نە لەگەڵ فیدراڵیزمی نەتەوەیین و نە لەگەڵ باسی یەکسانی نەتەوەکان لە دەسەڵات. هەموو ئەوانە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ ئەوەی ستراتیژی بە ئێرانی کردنی دۆزی کورد، ستراتیژییەکی شکست خواردوو و بێئاکام و سەرەنجامە. ئەم ستراتیژییە هەم کوردی خستووەتە بەردەم چاوپۆشی کردن لەو هەموو ماڵوێرانی و کارەساتەی بە سەری هاتووە، هەم دیلیی و کۆیلەتیەکەی لەو وڵاتە تەمەن درێژتر دەکا.

ئاڵمان

۲۸/ ۱۰/ ۲۰۱۲

**مێژووی ستراتیژییەکی شکست خواردوو**

حیزبی کۆمەڵە و بە ئێرانیکردنی دۆزی کورد

(بەشی دووهەم و کۆتایی)

ئەیوب ئەیوبزادە

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، مەبەست لە پێکهێنانی هەرحیزب و رێکخراوێکی سیاسی، دەبێ وڵامدانەوە بێ بە پێویستییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگا. دیارە جۆری پێویستییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێ و مەرج نییە ئەوەی وەک پێویستییەک بۆ وڵاتیک هەست پێدەکرێ، بۆ ژینگەیەکی تریش هەر بە هەمان شێوە بێ. جۆری هەویەی سیاسی و فیکریی حیزبەکانیش بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێ رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بن کە باڵی بە سەر کەشوهەوای ئەو وڵاتەدا کێشاوە. بۆ وێنە کاتێ لە وڵاتیکی وەک ئەفغانستان حیزبێکی مارکسیست- لینینیستی سەر هەڵدەدا لە هەر گۆشە نیگایەکەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، بونیاتنانی حیزبێکی وا نەیدە توانی ئاکامێکی سەرکەوتووانەی بۆخەڵکی ئە و وڵاتە لێبکەویتەوە.

نموونەیەکی تری پێچەوانەی ئەمە، لەدایک بوونی کۆمەڵەی ژێکاف لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. لە دروست بوونی ژێکاف دا تەنیا حەز و خولیای کۆمەڵێک روناکبیر و تێکۆشەری کورد بۆ رزگاری لە داگیرکراوی وڵات دەوری نەبیینی، بەڵکوو بە هاتنەمەیدانی ژێکاف خواستێکی مێژوویی لە مێژینەی مرۆڤی کوردیش وەڵامی وەرگرتەوە. فەرق و جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە لە مودێلی حیزبسازی، تەنیا لە وێنە و قەوارەی رێکخراوەیی و جۆرە جیاوازیێکی ساکاردا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو لە سەر ڕەوتی بەرەو پێشچوون یان چەقینی ئەو وڵاتەش کاریگەرییەکی حاشاهەڵنگری دەبێ.

لە مۆدێلی یەکەمیان دا، کۆمەڵگا و مرۆڤەکان دەبێ لە قالب بدرین. لەو مۆدیلەدا ئەوە تیئۆری نییە، دەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا رێک بخا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی تیئۆری لە کەمی نەهێنێ، ئەوە کۆمەڵگایە دەبێ خۆی لەگەڵ تیئۆرییەکان رێک بخا. لەم بەستێنەدا، نوسخەیەکی لە پێشدا وەرگیراو، وڵامیکی حازر و ئامادەی لە لایە بۆ هەموو پرسیارەکان. لەو بەستەڵەکە فیکرییەدا بەشێوەیەکی دڵخواز و دەسکرد، جۆری کێشە و گرفتی سەرەکی کۆمەڵگاکان دێنە گۆڕاندن. بۆ وێنە ئەگەر خەڵکی وڵاتەکە بە دەس ئاسەوارەکانی باڵادەستیی نەتەوەیەکی دیکەوە دەناڵینن، ئەوە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە جۆری ئیدئۆلۆژی سەردەم چ دەخوازێ. لەو کات‌وساتەدا لە نەبوو دەبێ بوو چی بکرێ و مەسەلەی لاوەکی لە جێگای مەسەلەی سەرەکی دابنرێ .

**پێکهاتنی کۆمەڵە و پێداویستییە راستەقینەکانی کۆمەڵگای کوردەواری**

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بونیاتنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1348 ی هەتاوی دیاردەیەکی لەم چەشنە بوو. لە هەر رووبەکەوە لە بنەما فکرییەکانی ئەم رێکخراوە بڕوانیین، چ پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بۆ لەدایکبوونی تێدا نابینین. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی هەموو ئەو ساڵانە روون نییە ئەو رێکخراوە بۆ وڵامدانەوە بە کام پێویستی هاتووەتە ئاراوە؟ فەلسەفەی بوونی چ بووە؟ لە رێگای دروست بوونی ئەو رێکخراوەوە قەرار بوو، وڵام بە کام پێویستیی کۆمەڵگای کوردەواری بدرێتەوە؟

بە گوێرەی ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کۆمەڵەدا باسی لێوە دەکرێ لە پاییزی ساڵی 1348 ی هەتاوی ئەو رێکخراوە وەک شانەیەکی چەند کەسی بڕیاری دامەزراندنی بۆ دراوە. مارکسیسم–لێنینیسم بە گشتی و پەیڕەویکردن لە بیروڕاکانی مائۆ و ئۆلگوو هەڵگرتنەوە لە مۆدێلی شۆڕشی چین، جۆری جیهانبینیی ئەو رێکخراوەی پێکهێناوە.

هەرچەند دامەزراندنی کۆمەڵە هاوکات بووە لە گەڵ یەکێک لە قۆناغە قەیراناوییەکانی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام پێکهاتنی کۆمەڵە نەک هەر وەڵامدانەوەیەکی واقعبینانە و سوودبەخش بە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجە مێژووییەی جووڵانەوەی کورد نەبووە، بەڵکو لە جێدا حەوڵێکی تەواو دابڕاو و بێ پێوەند لە سەر بنەمایەکی فکریی تەواو نامۆ بە پێداویستییە بابەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە بووە .

ئەم ڕێکخراوە تا بەرەبەری رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران، ناوێکی دیاریکراوی نەبووە و لە ناو خۆیاندا " تەشکیلات"یان پێگووتووە. لەو سەروبەندەدا کە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان، دەسەڵاتی پاشایەتیی بە تەواوی لەرزۆک کردبوو، بڕیاری پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی گشتی دەدرێ، لەو دانیشتنەدا گەورەترین غەدری مێژوویی لە کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ و ناوی کۆمەڵە بۆ ئەو حیزبە هەڵدەبژێردرێ.

ئەگەر چی بە هۆی ڕیفۆڕمی زەوی و زاری شا لە ئێران، پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان هاتبووە گۆڕاندن و سیستەمی ئەرباب و رەعییەتی جێگای خۆی بۆ شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێ هێشتبوو، بەڵام کۆمەڵە بە هۆی پەیڕەویکردن لە ڕێباز و فکری مائۆئیسم، کۆمەڵگای ئێرانی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بە نیمە فیئۆداڵ و نیمەمۆستەعمەرە لەقەڵەم دەدا.

بە گوێرەی ئەم بنەمایەش کێشە و ململانێیی سەرەکی لەو کۆمەڵگایانە، مەسەلەی زەوی و وەڕێخستنی شۆڕشی جووتیارییە. هەر بۆیە لە دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەموو حەولی  کۆمەڵە، کە لەو کاتەدا بە ناوی "جمعیت" بەرێوە دەچوو، دروستکردنی یەکێتی جوتیاران بوو.

لە کاتێکدا تاران خۆی بۆ هێرش هێنانە سەر کوردستان سازمان دەدا، هەموو سەرقاڵییەکانی ئەو حیزبە، وەڕیخستنی شۆڕشی جووتیاری بوو لە کوردستان. کاتێ لە ڕۆژی 28 ی گەلاوێژی ساڵی 1358 ی هەتاوی خومەینی جیهادی بە دژی کورد ڕاگەیاند، تا ڕۆژی 27 ی گەلاویژی ئەو ساڵە کۆمەڵە لە "کەرەفتو" شەڕ و دووبەرەکی لە کۆمەڵی کوردەواری دەنایەوە. بەڵام ئەگەر ئێعلامی جیهادی خومەینی بۆ کورد بە مانای تێوەگلان لە شەڕێکی بێ بەزەییانە بوو، لە هەمان کاتدا  بۆ ڕێبەڕانی کۆمەڵە هەڵگری پەیامێکی ئاشکرا بوو.

ئەو پەیامەش بەو مانایە بوو، کێشەی سەرەکی لە کوردستان مەسەلەی زەوی و زار نییە، بەڵکوو کێشەی نێوان نەتەوەی حاکم و مەحکوومە. کێشەی بوونی ماڵێکی سیاسییە. مەسەلەی بوون و نەبوونی نەتەوەیەکە. لێرە بە دواوە ئیتر کۆپی کردن لە ئۆلگوی شۆڕشی چین چیتر نەیدەتوانێ درێژەی پێ بدرێ.

بە دەستپێکی شەڕ لە کوردستان خەوی وەڕێخستنی شۆڕشی جووتیاری کۆتایی پێهات. ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەی شکستی بنەما فیکرییەکانی ئەو حیزبە لە مەیدانی کردەوەدا بوو. بەڵام بەشداریی کۆمەڵە لە شەڕی سێ مانگە لە لایەکەوە قەیران و شکستی فیکریی ئەو حیزبەی لە بەر چاوان بزر کرد و لە لایەکیترەوە هەلێکی لەباری بۆ رەخساند.

 ئەو ڕێکخراوەی کە لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بۆ وەدیهێنانی خواستێکی نەتەوەیی بونیاد نەنرا بوو، توانی لە ناخی بزوتنەوەیەکی نەتەوەییدا گڕوتینێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێ.

کاتێ لە سالی 1348 ی هەتاوی بیر لە جۆری بنەما فیکرییەکانی ئەو حیزبە کراوەتەوە، ئەوەی بەلایدا ناچن بیری نەتەوەیی و مەسەلەی ژێر دەستەیی کورد و دۆزی ناسیۆنالیی کورد بووە. رادیکالیزمی ئەو حیزبە هیچ کاتێک چ پێوەندییەکی بۆ بە دەوڵەت بوونی کورد تێدا نەبووە، بەڵام لە نەگبەتیی کورد، حیزبێکی وا توانی لە ناخی بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییدا جۆرە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە دەس بێنێ.

## ڕێبازی کۆمەڵە و تراژیدیای نەتەوەخوازیی کورد

بە هەموو حیساب و پێودانگێ حیزبێکی تەیار بە فکر و ڕێبازی مائۆییستی نەیدەتوانی وەک زمانحاڵێک، تەعبیر لە نەتەوەخوازیی کوردی بکا. بێ کیانی و ژێر دەستەیی کورد، دەیتوانی چ پێوەندیێکی خزمایەتی لە تەک ڕێبازی مائۆییستیی کۆمەڵە هەبێ؟ ئەو "ئیسمە" لە کوێ دەیتوانی وەڵامی بۆ ژێر دەستەیی کورد لە لا بێ؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەر ڕوویەکەوە لەو مەتەڵۆکەیە بڕوانین، ئەمە دەبێ بەر لە هەر تشتێ بە حیسابی لاوازی و گرفت و تەنگ و چەڵەمەی فیکریی گوتاری نەتەوەخوازیی کوردیی بژمێردرێ. لە دوای هەرەسی کۆماری کوردستانەوە، بیری نەتەوەخوازیی کوردی، کێڵگەیەگی بەیار و بێ خاوەن بووە. کام" ئیسم" باوی سەردەم بووبێ توانیویەتی بێ هیچ گرفتێک ماڵ و حاڵێکی تێدا چێ بکا .

لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ڕەگەزە فیکرییەکان، هەر لە مارکسیسم_ لینینیسمەوە بگرە تا لیبڕالیسم و دیسکورسی دیموکراسیخوازی توانیویانە بێ هیچ قڕەیەک لە سەر سفرەی ئەو ناسیۆنالیزمە کڕوکاشی خۆیان بکەن، بەڵام لەو نێوەدا دۆڕاوی سەرەکی، هەر بیری نەتەوەخوازیی کوردی بووە.

بەلام حەولدان بۆ گۆڕینی دروشم و گوتاری نەتەوەخوازیی کوردی، لە ڕێبازێکی ڕزگاریخوازانەوە بۆ پاشکۆیەتی کورد بە تارانەوە، تەنیا دیوێکی خەسارەکانی هاتنی ئەم ڕێبازە فیکریانەمان لە کوردستان بۆ دەسنیشان دەکەن.

ئەگەر لە گشت بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازیدا، ناسیونالیزم سرووودێکی گشتی و هێزێکی ڕێکخەر و کۆکەرەوەیە بۆ بەگژداچوونەوە لە حاند داگیرکاری، بە دزەکردنی ئەم ڕێبازە فیکرییانە بۆ ناو بزووتنەوەی کورد، ماڵی لێک ترازاوی کورد هێندەی دیکەش تووشی لێکدابڕان و دووبەرەکی هاتەوە.

لە ژێر کارتێکەریی ئەم ڕەوتە فیکرییانە بە درێژایی چەندین ساڵ کوردستان کرایە گۆڕەپانی ڕقەبەرایەتی و شەڕی ئیدئۆلۆژییەکان و گیانی سەدان مرۆڤی کورد کرایە دەستەچیلەی شەڕی نێوخۆیی.

هەڵسوکەوتی کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ئەو تراژێدییایەی بە سەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراندا هاتووە.

بەدرێژایی هەموو تەمەنی سیاسیی ئەو حیزبە، گوتار و ڕێبازی فیکری کۆمەڵە بۆ کپکردن و دژایەتی کردن لەگەڵ بیری نەتەوەخوازیی کورد بەکار هاتووە. ئەوەش لە حاڵێکدا بووە کە ئەو حیزبە هەموو هێز و وزەی بەکردەوەی خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان وەرگرتووە.

نامۆیی و دژایەتی لەگەڵ بیری نەتەوەیی کورد، تەنیا تایبەت بە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی ئەو حیزبە نییە. بە نزیک بوونەوەی دەم و کاتی پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لە نێوەڕاستی خاکەلێوەی ساڵی 1360 ی هەتاوی ئەم دژایەتییە پێی نایە پانتاییەکی بەرینترەوە.

کاتێ کۆمەڵە نەیتوانی لە کوردستان خەونی شۆڕشی جووتیاری بێنێتە دی ، لە تیئۆری و لە پراکتیک دا، لەگەڵ قەیران و بۆشاییەکی گەورەی فیکری و سیاسی بەرەوڕوو ببوو.

ئەوەی جێیداخە ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە هیچ قۆناغێکی ژیانی دواتریشیدا نەیتوانی وەڵامێکی دروست بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بزوتنەوەی کورد بداتەوە. تەنانەت کاتێک کە لە دوای کۆنگرەی دووهەمەوە حەولیدا بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کورد هەبێت، هێشتاش نەیتوانی وەڵامێکی دروست و ڕاستەقینە بەو پرسە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بداتەوە.[1]

**قەیرانی ناسنامە و سەرەتای هەڵەیەکی زیانبارتر**

ئەو ناسنامە سەقەتەی کە بە ئیلهام وەرگرتن لە فیکر و ڕێبازی مائۆ و ئۆلگووی شۆڕشی چین کرابوونە شوناسی کۆمەڵە، بە وەلانانی بە کردەوەی ئەو ڕێبازە ئەو ڕێکخراوەی بێ ناسنامە کردبوو .

پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەم هەوڵێک بوو بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و بەدەسهێنانی ناسنامەیەکی سیاسی و فیکریی دیکە .

ئەم بڕگەیە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵە بە کۆمێدیترین قۆناخی ژیانی ئەو ڕێکخراوە دێتە ئەژمار. لە چاوتروکانێکدا ماڵاوایی لە مائۆئیسم و ئوتوپیای شۆڕشی جووتیاری کرا و خەتێکی ڕەشیان بە سەر هەموو کار و کردەوەی تا ئەو کاتەیاندا کێشا. هەر لە درێژەی ئەو تەخشان و پەخشانەدا چەمکی لایەنگری لە مارکسیزمی ئینقلابیش داهێندرا. لەوەش سەیر و سەمەرەتر لە قەڵەمبازێکی بێ مانادا، ئەو سازمانە خۆی وەک بەشێک لە "پرۆلتاریای ئاگاهی ئێران" پێناسە کرد و نووسیان: سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران ( کومله) همچون بخشی از پرولتاریای آگاه ایران، در عین حال نماینده و مدافع منافع کارگران و زحمتکشان کردستان و به این عبارت نماینده و مدافع دموکراتیسم پیگیر در جنبش خلق کرد می باشد.[2]

بەڵام چیرۆکی جۆری ڕوانینی "پرۆلتاریای ئاگای کوردستان" هەر بەوەندە کۆتایی نایە، "پرۆلتاریای ئاگاهی کوردستان" لە "دەسپێشخەرییەکی" داهێنەرانەیدا و هەر لەو بڕگەیە لە ژیانی سیاسییدا دەستەگوڵێکی سەیرتریشی بەئاودا دا؛ ئەویش لە قەڵەمدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە درێژەی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی 1357 ی هەتاویی خەڵکی ئێران بوو.

لەم پێوەندییە دا لە یەکێک لە بڕیارنامەکانی پەسەندکراوی کۆنگرەی دووهەمی" پرۆلتاریای ئاگای کوردستان"دا، هاتبوو: "جنبش مقاومت جنبشی است انقلابی و دمکراتیک، عرصەای است از تداوم قیام بهمن ماه. این جنبش بر علیه دیکتاتوری و سرکوب هیئت حاکمه متوجه بوده و در جهت کسب دمکراسی در کردستان و مانع از تثبیت کامل دیکتاتوری بورژوازی حاکم در ایران است... جنبش مقاومت دارای دامنه و برد محدودی است. این جنبش نمی تواند پیروزی بر بورژوازی را بمفهوم تغییر مناسبات تولیدی در محدوده کردستان، تامین نماید.... بر پای جنبش مقاومت ادامه مبارزه آگاهانه طبقه کارگر و بر طبق برنامه وی نبوده است.. زحمتکشان کردستان هنوز نتوانستەاند اهمیت سیمای پرولتاریای ایران را درک کنند. تا آنجا به سازمان، مربوط می شود، بایستی اهمیت بزرگی را که جنبش مقاومت در امر کسب دمکراسی و مبارزه طبقاتی پرولتاریا ایران در صحنه کنونی دارد درک کنیم.... در همان حال بایستی محدودیتهای آنرا بشناسیم. پرولتاریای آگاه نمی تواند سرنوشت خود را به یکی از مقاطع و عرصەهای انقلاب دمکراتیک وابسته کند. ما نبایستی جنبش مقاومت را به مثابه عرصه نبرد مرگ و زندگی برای خود در آوریم. بلکه باید در هر حال ادامه کاری خود را به مثابه سازمان پرولتاریائی در نظر داشته باشیم. " [3]

وەک دەبینن پرۆلتاریای کەشخە و ئاگای کوردستان بە تیرێک چەند نیشان دەپێکی:

یەکەم: نازناوی " جونبشی مقاومەت" لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد دادەنێ.

دووهەم: لە جێگای ئەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد بە درێژایی هەموو بزووتنەوەکانی کورد لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەیی لە قەڵەم بدا، بە درێژەی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ئێرانی پێناسە دەکا.

سێهەمین ژێر بێژیی پرۆلتاریای ئاگای کوردستان، نکۆڵی کردن لە بوونی دۆزی نەتەوەیی کورد بوو.

ئیتر لێرەوە حیزبی کۆمەڵەی کوردستان هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستکرد مەسەلەی "چین" و خەباتی "چینایەتی" لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا باڵ بە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد دا بکێشێ و کێشەی " کار و سەرمایە" ببێتە مەسەلەی سەرەکی لەو کۆمەڵگایە .

بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ "پرۆلتاریای ساوا و ئاگای کوردستان" هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی مرۆڤێکی نوێی کورد دروست بکا کە چیتر خۆی بە ناسنامەی ئەتنیکی و نەتەوەییەوە پێناسە نەکا و لە "خورافەی ناسیونالیستی"

رزگاری بێت. هەر لە درێژەی ئەو حەولانەدا پرۆلتاریای ئاگای کوردستان دەیویست کوردستان بکاتە کووبای کاسترۆ و هێرش بکاتە سەر چینی بورژوازی خۆماڵی و، لاسارانە دووپاتی دەکردەوە و دیگوت "پیدایی طبقە کارگر در کردستان آن تحول اقتصادی و اجتماعی بزرگی است کە زمینە و اساس زوال گرایشات سیاسی ناسیونالیستی را بە وجود آوردە و همراە خویش خواستها و گرایشات سیاسی، اقتصادی و اجتماعی نوینی را مطرح ساختە کە با سرنوشت و زندگی کارگران و تودە های زحمتکش گرە خوردە است. امروز آرمانهای سوسیالیستی و دموکراتیک طبقە کارگر بە پرچم مبارزە و اعتراض تودەهای ستمدیدە کردستان علیە دولت مرکزی و همین طور علیە بورژوازی کردستان و ارتجاع محلی تبدیل شدە است."[4] "حزب دمکرات می خواهد تا بە بهانە اولویت مبارزە ملی، از پیشرفت و دامنە گرفتن مبارزە طبقاتی جلوگیری کند...کسانیکە میخواهند جنبش کردستان راوسیلەای برای امتیاز گرفتن از حکومت مر کزی قرار دهند، سرمایە دارانی کە حاکمیت محلی در کردستان را برای راە اندازی سرمایەهاشان وا استثمار طبقە کارگر می خواهند، اینها می خواهند کارگران کردرا قانع کنندکە تا گرفتن خودمختاری هیچک ازمطالبات حیاتی و اساسی خودرا طرح نکنند. حزب دمکرات و آقای قاسملو باید مطمئن باشند کارگرانی کە هرسالە روز اول ماە مە را جشن می گیرند...علیرغم خیانت پیشگی و تسلیم طلبی حزب دمکرات آنرا بە پیروزی میرسانند. کارگران و زحمتکشان کردستان هیچگاە اجازە نمیدهند اهداف مردم کردستان وجەالمصالحە هیچ حزب و نیروی بورژوا ناسیونالیستی در کردستان قرار گیرد.[5]

بارودۆخی ژێردەستەیی کورد و دابەشکردنی کوردستان و بێبەشبوونی کورد لە سەروەریی نەتەوەیی و هەوڵدانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ بەدواکەوتوویی هێشتنەوە و، جێهشتنی لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانییەت، فاکتۆرگەلێك نەبوون بتوانن سەرنجی لاسارانە و ئیرادەگەرایانەی کومەڵە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ڕوانگەی تەنگەبەری کومەڵە ئیزنی ئەوەی پێ نەدەدا هەست بەوە بکا کە داگیرکراوی و دابەشکراویی کوردستان کاریگەریی گرینگ لەسەر پلەی گەشە و بەرەوپێشچوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لەبارچوونی باری ئابووریی دادەنێ و خاسیەتی تایبەتی بەو کۆمەڵگایە دەبەخشێ. بەڵام هەڵەی گەورەی کومەلە لەوێرا دەستیپێکرد کە پێی وابوو ئاستی گەشەکردنی چینەکانیش لە کوردستان دەقاودەق وێنەیەکی وەك ناوەند پێشان دەدا. بەڵام ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئاستی گەشە و پەرەئەستاندنی چینەکان و کێشەی چینەکان هەر ئەو هەڵکەوتەیان هەبوو و هەیە؟ ڕەنگە لە ناوەند بە ئاسانی ئاستی گەشە و ململانێی نێوان چینەکان پۆلین بکرێن و لێك جیابکرێنەوە و هەر لەو کاتەشدا ڕوخسارە کولتوری و سیاسییەکانیشیان بە سانایی دەسنیشان بکرێن، وەك بورژوا و پڕۆلیتێر، بەڵام داخوا ئەم دیمەنە لە وڵاتەکەی ئێمەش کوردستان، دەقاودەق بە هەمان شێوە بوو؟ مەبەست لێرەدا نکوڵیکردن لە بوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵی کوردەواریدا نییە. بەڵێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرێکار و زەحمەتکێش و هەژار و چەوساوە هەیە و ئەوانە شتێك نین بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڤاری "پێشڕەو"ی کۆمەڵە دایهێنابن. دانیشتوانی کوردستانیش وەك هی هەموو وڵاتێك بریتین لە چین و توێژی جۆراوجۆر. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە لە نیشاندانی چۆنیەتی و ئاستی گەشەکردنی چیینەکان و ناکۆکیی نێوانیاندا لە کوردستان، کومەڵە تووشی تێگرتن و زیادەڕەوی هات. چونکە کێشەی سەرەکی لە کوردستان کێشەی نێوان کار و سەرمایە نەبوو .

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە ریزی یەکێك لە دواکەوتووترین بەشەکانی لکێنراو بە ئێراندایە. سیاسەتی دەوڵەتەکانی ئێران لەسەر بنەمای هێشتنەوەی دواکەوتوویی کوردستان (لە هەموو بارێکەوە) دامەزراوە. ئەو سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوە کە سەنعەت و پیشەسازیی گەورە لە کوردستان پێک نەیەت. هەر بەو پێیەش ئاستی گەشەی کرێکاری سەنعەتیش بەمانا ڕاستەقینەکەی لە پلەی هەرە نزمی خۆیدایە. لە ماوەی چارەکە سەدەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا، حکومەتی ناوەندی نە تەنیا لە بیری بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی سەنعەت (پیشەسازی) لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک کۆسپ و تەگەرەی لەسەر ڕێگای وەگەڕخستنی پڕۆژە و خەونەکانی سەرمایەی خۆماڵی لە کوردستان ناوەتەوە. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوە کە سەرمایە وەك پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتر بەهۆی بوارەکانی مامەڵە و بازرگانییەوە بکەوێتە گەڕ و قازانج و سوودی خۆی لە ڕێگای بازاڕەوە بەدەستبێنێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دیاردەی شارنشینی کە خۆی لەزیادبوونی ڕادەی حەشیمەتی شارەکان و بوونی دامودەزگای جۆراوجۆری خزمەتگوزاریدا دەردەخا، گەشەی کردووە. بەڵام گرینگیی شارەکانی کوردستان ئێستاش پتر لە نەخشی "بازاڕ" بە مانای شوێنێك بۆ کڕین و فرۆشدا قەتیس ماوە و لەگەڵ ئابووریی بەرهەمهێنانی زەوەند تەواو نامۆیە. بێشك ڕادەیەک لە پێشکەوتن و خوێندەواری و پەرەگرتنی شارنشینی لە کوردستانی ئێستادا بەرچاوترە، بەڵام بیری کۆن و

پاشماوی پێوەندییەکانی ڕابردوو ئێستاش قورسایی و کاریگەریی خۆیان لەدەست نەداوە. بۆیە ڕەنگە گەلێك زەحمەت بێ ئابووریی کوردستان و ئاستی گەشەی چینەکان لە چەمکەکانی بۆرژوای و پرۆلیتاریادا پێناسە بکرێن و هەروا سووك و سادەش حیزبە سیاسییەکان مۆرکی یەکێك لەم چەمکانەیان لێبدرێ.

پرۆسەی داگیرکردن و بێبەشبوونی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی دەورێکی گرینگی هەبووە لە شێوازی سروشتیی گەشەکردنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا. داگیرکراوی و دابەشکراوی کوردستان کاریگەری گەورەی لەسەر چۆنیەتیی ناکۆکی و ململانێکانی نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە و خەسڵەتی تایبەتیی خۆی پێبەخشیوە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چینە دژبەرەکان دەبێتە بزوێنەری مێژوو، لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراودا ململانێ نێوخۆییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەچنە حاڵەتێکی پەراوێزەوە. لە بەرانبەردا کۆمەڵ بە هەموو چین و توێژەکانیەوە خۆی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و بەدەسهێنانی سەربەخۆییدا دەبینێتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین خەباتی چینایەتی لە کوردستان وەك پێویست پێنەگەیشتووە و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کە بە شێوەیەکی سروشتی خۆی لە گەشەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە نەگەیشتوتە ئەو قۆناغەی کە چینێکی کۆمەڵایەتی بەدژی چینێکی تر شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەرێبخا.

بەڵام مەبەستی کومەلە لە هەموو ئەو زیادەڕەوییانە ئەوە بوو کە نێوەڕۆك و خەسڵەتێکی چینایەتی تۆخ و سەرەکی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بلکێنێ و بە وێنەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی بکەوێتە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی و ریگای ئەوەی بو بکریتەوە ئیدعای ئەوە بکا کە هەقیقەتی رەها ی لە تەنگەی باخل دایە. [6]

"هرفرد یا نیروی علاقمند و دلسوز باید بداند که امروز دفاع از جنبش کردستان و پاسداری از آن، دفاع از مضمون دمکراتیک و انقلابی و رادیکال آن، دفاع از بسط و تعمیق آن، یک معنی و فقط یک معنی می تواند داشته باشد و آنهم حمایت از رهبری پرولتری این جنبش و موضگیری علیه رهبری بورژوازی آن، تواما میباشد. بورژوازی صلاحیت، توان و تمایل خود را به پیروزی انقلاب رهای بخش کردستان نه فقط در وجه تاریخی آن بلکه به معنای سیاسی، عملی و مبرم آن نیز از دست دادهاست.[7]

فەلسەفەی ژین لەو دەزگایە دا لە سەر بنەمای جۆرێک مشەخۆری بوو. بە واتایەکی تر؛ بە گەز و رەبەی وان و تیئۆرییەکەی ئەوان هەر کەس چووە نێو ئەو ریزەوە بۆی هەبوو بێ سڵکردن نازناوی پرۆلتێری پی خەڵات بکرێ. هەر چەند کارخانەدار، ساماندار، دەرەبەگ و سەرمایەداری زگ تێرو گەزیری چاو چنۆکیش بایە.

تا ئیرە پرۆلتاریای ئاگا و کەشخەی کوردستان گەلێک رێگای بریبوو، دەتوانیین بڵێین لێرە بە دواوە بەمانایەک ببووە حیزبیکی خاوەن ناسنامەیەکی دیاریکراوی سیاسی. لە لایەکەوە بەتۆپزی نازناوی لەبەردڵانی پرۆلتاریای ساوا و ئاگای کوردستانی لەسەرخو دانابوو. لە لایەکی تریشەوە خۆی بە چەکی مارکسیزمی ئینقلابی تەیار کردبوو. لە هەمان کاتیشدا کار و رێبازی رابردووی خۆی دابووە دواوە. لە ئاستی کوردستانیش دا حەولی پرۆلتێریزەکردنی دۆزی نەتەوەیی کوردی خستبووە دەستووری کاری خۆیەوە. ئینجا میدالی نکۆڵی کردن لە دۆزی نەتەوەیی کوردی لەبەرۆکی خۆی دابوو، لە هەمان کاتیشدا دەبوایە ناسیونالیزم وەک ژاری خاپێنەری چینی کریکار، لە قاو بدایە. هەموو ئەو هەنگاوانەش شتێکی کەم نەبوون بۆ ئەوەی کۆمەڵە لە قەیرانی شوناسی فیکری و سیاسی رزگاری بێت. لێرە بە دواوە رێبازی کۆمەڵە لە هەموو کات و ساتیک زیاتر راشکاوی و بەرچاو روونیی لێ بەدیار کەوت .

لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورد دا پرۆلتاریای ئاگای کورد پشت ئەستوور بە دوو ئەسل بوو کە لە راستیدا هەر دووک، دوو رووی یەک دراو بوون :

ئەسڵی یەکەم: بەئێرانیکردنی دۆزی کوردبوو. بە گوێرەی ئەم خوێندنەوەیە کورد و بزووتنەوەکەی هەر دەبێ چاو لە تاران ببرن و کورد نابێ لەو جەغزە دەرچێ کە تەواوییەتی ئەرزیی ئێرانی پێدەگوترێ .

ئەسڵی دووهەم: پرۆلتریزە کردنی دۆزی نەتەوەییکورد بوو .

رووماى ناسيوناليسم و مافى دياريكردنى چارەنووسى گەلان لە رەوانگەى ماركسيستە ئورتودوكسەكانەوە بە دايم مەسەلەيەكى شاراوەيە. گەز و رەبەى ئەوان بو ئەو چەمكانە هەمان فۆرمووڵە ئابورييەكەيە و بەس. ئەم چوارچێوە تەنگەبەرە ئەگەر بۆ كار، زيدەبايى، كڕين و فرۆش، پوول و بانك و بەرهەمهينان، لە سەدەكانى رابردوودا راست بووبێ ئەمڕۆ ئەو راستييە درز و قەڵەشتى تێكەوتووە. شيكردنەوەى پێوەندييەكانى مروڤ لە كۆمەڵدا تەنيا بە ياسا ئابوورييەكان ناتوانێ وەڵامدەرى هەمموو ويست و ئاوات وئارەزوەكانى ژيانى مروڤ بێ. مرۆڤ بە تەنيا ياخود لە كۆمەڵدا، جگە لە ويست و پيداويستييە ئابوورييەكان، ويست و پێداويستى ديكەشى هەيە. لەو ڕووەوە، وەلانانى ئەو ويست و داخوازە نائابوورييانە گەورەترين كيشەى بو ئەو ئايدۆلوژيانە پيكهينا كە ئيديعاى ئەوەيان دەكرد كە وەڵامى گونجاويان بۆ هەموو لايەنەكانى ژيانى مروڤ، پێيە. ئەو گرفتە لە كەيسى پرۆليتارياى ئاگاى كوردستانيشدا بە تەواوى روون و ئاشكرايە. لە ديدى كومەلەشەوە مێژووى مروڤى كورديش دەبوو بە تاكەريرەويكدا تێپەر ببى وكومەڵگاى كوردستانيش لە ئەنجامدا بەرەوتاكە سەرمەنزليك راپێچ بدرێ. لەو نێوەشدا تاكە فاكتەرى دياريكەرى جورى كێشەكان دەبوو ململانێ و خەباتى چينايەتى بێ. ئەم لاڕييە لە كەيسى پروليتارياى ئاگاى كورد ستان دا، تەنانەت بە و رادە گەيشت بگوترى: "اگر براى احزب بورژواى در كردستان نيروى پيشمرگ در راديكال ترين چهره خود، يک نيروى خودمختارى طلب است، براى ما نيروى پيشمرگ يک نيروى ضدمالكيت خصوصى است."[8]

بەلام گۆڕينى ناسنامەى پيشمەرگەى كۆمەڵە لە تێكوشەرێكى چەك بە دەستى كورد، لە پێناو رزگارى لە ستەمى نەتەوايەتييەوە، بۆ جەنگاوەرێكى "ضد مالكيت خصوصى"، تەنيا لايەنێک لە وێرانەى فيكرى ريبەرانى كومەلەمان نيشان دەدا. بۆ خۆهاوشێوەكردن لە تەک جۆرى كۆمۆنيزمى حيكمتى، هيشتا هەنگاوى تريش پێويست بوو!

هەر لە دريژەى ئەو خەتەدا لە لايەن پروليتارى ئاگاى كوردستانەوە، ريبەرانى بزوتنەوەكانى كورديش كەوتنە بەر پەلامار و بە نارەوا بە ناپيگير و خيانتكار لە قەڵەم دران.[9] لەم سنووربەزێنييەدا، رێبەرانى قين لە دڵى ئەو حيزبە تەنانەت پيشەوا قازى مەحمەديشان دايە بەر هێريش و، نووسيان :

"قاضى محمد شخص ليبرال متوهمى بود كه به هيچ عنوان طرفدار انقلاب نبود. اعدام شدن او هيچ افتخارى براى او نداشت."[10]

دەڵێى روونـاكبيرى نەتەوەى بندەست دەبێ بيرەكەشى هەر بندەستانە بێ و، هەر گيز لەو سنوورە فيكرييە دەرنەچێ كە بۆيان ديارى كردووە. رێبەرانى ساويلكەى ئەو حيزبە بەشى ئەوەيان نەدەزانى فامى ئەوە بكەن، بوونى خۆيان و نانى ناندێنەكەيان لە سايەى سەرى ئەو رێبەرە مێژوويييانەيە كە ئەمان ئاوا بە سووك ئاوڕ لە خەبات و فيداكارييان دەدەنەوە.

ئەوەى لە يەكەم ڕوانينى ئەو فاكتانەدا سەرنج ڕادەكێشێ، سايكۆلۆژيى تێكڕووخاوى نوخبەى نەتەوەيەكى ژێردەستە كە شان داچەقاو، لاهەڵدراو، گووپ قرينجاو، بێ پێڵاو، تەنيا خەمى ئەوەيەتى بە جۆرێك خۆى بنوێنێ كە ڕووناكبيرى نەتەوەى باڵادەست لە ڕيزى خۆيدا وەربيگرێ. چ ڕووداوێك دەتوانێ لەوە تراژيكتر بێ كاتێ نوخبەى خەڵكى وڵاتێكى داگيركراو بۆخۆى ببێتە ئامرازێك بۆ تێكدانى ناوماڵى شێواو و لێكترازاوى خۆى؟

هەوڵدان بۆ خۆ هاوشێوەكردن لە تەک نوخبەى نەتەوەى باڵادەستيش ڕووبەر و پانتايييەكى بەرفراوانى هەيە. دەتوانێ هەر جارەى بە شێوەيەك لە شێوەكان وێنەيەك لە خۆيمان پێشان بدا. جارى وايە خۆى بە لاسايیكردنەوە و خۆهەڵدان بۆ ديتنەوەى خۆى لە ئەوى تردا، جارێك بە دەستبردن بۆ چەك و كوشتنى برا و خوشكى خۆى و جارێكى تريش بە هەڵسەنگاندنى چەواشەگەرانەى ڕووداوەكان و ساويلكەيى و دەمارگرژى، خۆى نيشان دەدا. سەدان ساڵ داگيركراوى و ژێردەستەيى كۆمەڵى كوردەوارى هۆكارێک بوو بۆ ئەوەى هەستى خۆبەكەمزانين دزە بكاتە نێو توێژێك لە ڕووناكبير و خوێندەوارى ئەم وڵاتە و، ببێتە هۆى توانەوەيان لە نێو گرووپێكى شۆڤێنيستمەسلەكدا. ديارە لە هەڵبژاردنى ئەم چارەنووسەدا كومەڵە خۆشى سووچبار بوو. ئەو هاتبوو هەموو شتێكى خەڵكى وڵاتەكەى خۆى ڕەتكردبووەوە. بەلاى ئەوەوە چ بەهايەكى كولتورى و سياسى و مێژوويى ئەم كوردستانە شياوى ئەوە نەبوو بە بنەماى وەربگرێ؛ خەتێكى

ڕەشی بەسەر مێژوو، کولتور و زمان و تەنانەت گشت ڕاپەڕینەکانی کورددا کێشابوو. هەموو شتێکی ئەم کوردستانە یا کۆنەپەرستانە بوو یاخود بۆرژوایی.

**پرۆلیتاریای ئاگای کوردستان و هاوتەبەقە ئێرانییەکانی**

هەر لەمیانەی ئەو هەنگاوانەدا و هاوکات لەگەڵ حەولدان بۆ ئێرانیکردنی دۆزی کورد، پرۆلتاریای ئاگای کوردستان دەبوو لە ئاستی ئێرانیشدا بە دوای هاوتەبەقەکانی خویدا بگەڕێ. مەبەستی پرولتاریای کەشخە وئاگای کوردستان لە هاوتەبەقەکانی ، پەسەنێ بوو کە لەو کاتەدا بە رفیق آزرین ورفیق تقوایی ... خەلات کرابوو. لەو نێوەشدا هێنانی سەهەندییەکان بۆ کوردستان و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەیتوانی جۆرە کۆتاییەک بێ بۆ ئەم گەمەیە.

عەبدوڵڵا موهتەدی پتر لە 20 ساڵ لەمەو بەر بەم جۆرەی خوارەوە لە ستراتیژی بە ئێرانی کردنی دۆزی کورد وهینانی هاوتەبەقەکانی دەدوێ و دەڵێ:

"ئێمە دەتوانین ئەم مەسەلەیە بە روونی و راشکاوی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تەوزیح بدەین و پێیان بڵێین ئەگەر حیزبی دێموکرات بە شوێن هاوپەیمانانی تایبەتی خۆی لە ئێراندا رۆیشتووە، ئێمە زەحمەتکێشانیش پێویستمان بە یەکگرتنی چینایەتی خۆمان هەیە، ئیمەش پێویستیمان بە کەسانێک هەیە کە نەک هەر لە خەباتماندا بۆ بەدیهێنانی دوایین ئامانج لە گەلمان بن بەڵکوو هەر لە ئێستاوە و لە سبەی رۆژی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا هاوڕێ و هاوپەیمانمان بن، کەسانێک بن لە تاران، خوزستان، ئیسفەهان، فارس، شیمال و تا ئازەربایجان کە ئەگەریش نەتوانن بێنە سەر کار لانیکەم ئەوەندەیان هێزو نفووز هەبێ کە نەهێڵن جارێکی دیکە ئەرتەشی حکومەتی مەرکەزی بە ئاسانی بەرەو کوردستان بێ، بێ ئەوەی لەگەڵ شەپۆلی جووڵانەوەی ئیعترازی جەماوەری بەرەو روو بێ، بە بێ ئەوەی کە لەوێش کەسێک سینگی خۆی وەبەر گووللەوە نابێ... کە وایە وەرن بۆ دابین کردن و زەمانەت کردنی قازانجی خۆمان لە سەرتاسەری ئێران دەس لە دەستی هاوپەیمانێکی جێگای متمانە بنێین. ئایا ئەمە دەلیلێکی روون و سادە و قەناعەت هێنەر نییە؟ ئایا تێگەیشتن لەم مەتڵەبە بۆ کریکارێکی کورد دژوارە؟"

"هاوڕێیان! لە کۆتاییدا دەمەوێ بەشتێکی دیکەش ئیشارە بکەم، ئەویش دەورێکی گەورە و گرینگە کە جووڵانەوەی ئێستای گەلی کورد، مێژووی جووڵانەوە رزگاریبەخشەکانی کوردستان، هەرگیز دەورێکی وا گرینگی بۆ هیچکام لە جووڵانەوەکان لەبیر نایە. بۆ وایە؟ چی ئەم جووڵانەوەیە لە باقی جووڵانەوەکانی پێشوو جیاواز دەکاتەوە، رابەری پرۆلتاریا و مارکسیزمی شۆڕشگێر لەو جووڵانەوەیەدا نەبێ؟

ئەمەیە ئەو عونسەرە نوێیە و ئەو سیفەتە تایبەتی یە کە ئەم پەڕ و ئەو پەڕێکی بەرینتری لە جووڵانەوەیەکی ئاسایی بورژوا – دێموکراتیک بە جووڵانەوەی ئێستای کوردستان بەخشیوە. بە چەشنێک کە مەودای تەئسیردانانی لە کوردستان و لە ئێرانیش تێپەڕ دەبێ.

جووڵانەوەی ئێستای گەلی کورد هەر بە ئیعتباری بوونی کۆمەڵە، بە ئیعتباری بوونی پرۆلتاریای شۆڕشگێڕ لە رابەری و رێنوێنی دایە کە لە تەواوی جووڵانەوە میللی رزگاری بەخشەکان جیاوازە. کێ ئەو حەقیقەتە ناسەلمێنێ کە ئەگەر کۆمەڵە کۆنگرەیەکی دووهەمی نەبوایە و دەستی بە مارکسیزمی شۆڕشگێر نەگەیشتبایە، ئەگەر ئەو رەوتی بەرەو پێش چوونەی مارکسیستە شۆڕشگێرەکانی ئێران سەری نەدەگرت – بەردەوام نەبرایەتە پێش، چ مەعلووم ئەمرۆ دەیتوانی سەرکەوتووانە ئەم جوڵانەوەیە رابەری بکا؟ کێ زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆمەڵە بە بێ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، بە بێ لینینیزم، دەیتوانی دەورێک کە ئێستا هەیەتی بە دەستی بێنێ و دەیتوانی لە دژوارترین هەلو مەرجدا بە لەخۆ ڕادیوی، بە ئیمان بە دوا رۆژ و ئیمان بە سەرکەوتنەوە، رابەریی ئەم جوڵانەوەیە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر بە دەستەوە بگرێ؟

بەم جۆرە ئێمە دەبێ نەک هەر لە باری کوردستانی و ئێرانی بەڵکوو لەباری جیهانی کارەکەشمان تێبگەین. جووڵانەوەی ئێستای کوردستان و ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵە تێیدا، سەرەڕای ئەو هەموو سەخڵەتییانە ئیسپاتی دەکا کە رابەری کۆمۆنیستی و لێنینی لە جووڵانەوە دێموکڕاتیکەکانیش دا بووەتە پێویستییەکی بێ ئەم لاو لا و حاشا هەڵنەگر.

زۆر جار گووتراوە کە کوردستان سەنگەری ئازادیخوازییە. ئەم قسەیە راستە بەڵام تەواوی حەقیقەتەکە ناگرێتەوە. راستە کوردستان و جووڵانەوە شۆڕشگێرانەکەی سەنگەری ئازادی و شۆڕشە، بەڵام تا ئەو جێگایە وایە کە پرۆڵتاریای شۆڕشگێر رابەرییەکەی لە دەست دایە یا بە هەر حاڵ مۆری خۆی لێداوە .

لەو جێگایە دا کە ئەم جووڵانەوەیە هەر تەنیا ناسیۆنالیزمی بورژوایی رابەری کردووە یا خۆ تەئسیری لە سەر داناوە، حاسڵ و بەرهەمی بریتی بوو لە لەببەیک ووتن بۆ خومەینی و بڵاو کردنەوەی خۆشباوەڕی بە ئیستبداد. بەڵام بە هەر رادەیەک کە ئەم جووڵانەوەیە تەئسیری لە پرۆلتاریای شۆڕشگێر وەرگرتووە و وەردەگرێ، بە هەمان رادە کە عونسوری پرۆڵتاریای قووڵتر نفووزی تێدا کردووە، مۆری خۆی لێداوە و جڵەوی بە دەستەوە گرتووە، هەر بەو ڕادەیە کوردستان سەنگەری دێموکراسی یە، سەنگەری شۆڕشە بۆ هەموو کوردستان و بۆ ئێران، وە بگرە زۆر زیاتر و پەرە گرتر لەوەش".

وەک دەبینین بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە " چین" و خەباتی چینایەتی دەمامکێک بوون بۆ لێدان و کپ کردنی بیری نەتەوەخوازیی کورد و بە ئێرانی کردنی دۆزی کورد. بە دریژایی گشت ئەوسالانە چەمکی نەتەوەی کورد و شوناسی کوردبوون هیج کات نەیدەتوانی ببێتە بنەمایەک بو بڕیارو بەیانێکی سیاسی. لە دەزگای بیر و گوتاری سیاسیی ئەو حیزبەدا هیچ کات دۆزی کورد وەک دۆزێکی " قائم بە ذات" و "سەربەخۆ" حیسابێکی بۆ نەکراوە. هەر ئەو هاوتەبەقەییانەی کە عەبدوڵڵای موهتەدی خەونی دوزینەوەی بە هەشتی ونی پێوە دەبینین، نە تەنیا نەبوونە فریادڕسێک بۆ کورد ،بەڵکوو هەموو سەرمایە ی مادی و مەعنەوی پرۆلیتاریای ئاگای کوردییشان بەتاڵان برد. لەگەل هاتنی ئەو هاوتەبەقەییانە بو کوردستان رۆحی بن دەستەیی وکولتوری کویلەمانەوەی مرۆڤی کورد بە ئیرانەوە، جل وبەرگی تئوریی دەبەر کرا. لەژیر کارتێکەرییەکانی بیری ئەو هاوتەبەقەییانە ناسیونالیزم بە گشتی و ناسیونالیزمی کورد بە تایبەتی ، کرا بە هەژدهایەکی حەوت سەر. کرا بە ژاری خاپێنەر و هاوتا لە گەل فاشیزم .

ئەم پرۆسەیە تا کاتی پڕۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، درێژەی هەبوو. بەڵام بە دەسپێکی "پڕۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە" ئەم پێوانەیەش بۆ تێڕوانین لە دۆزی نەتەوەیی کورد گۆڕانی بە سەردا هات. گۆڕان بەو مانایە کە ئەگەر تا ئەو قۆناخە تەنیا مارکسیزم شوناسی کۆمەڵەی دیاری دەکرد و دۆزی کورد هەمیشە دەبوو وەک "تابیعێک" لە خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری ئێران بژمێردرابایە، لێرە بە دواوە مەسەلەی دێمۆکراسیخوازی لە ئێران جێگای بە چەمکی سەروەری چین و خەباتی چینایەتی چۆڵ کرد. واتە، کاتێ وەهمی چەندین ساڵەی گەردوونگەرایی کۆمۆنیستی لە بڕەو کەوت وشکستی هینا ، نۆرە بە خەونی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران گەیشت.

کارەساتی گەورەی ئەو حیزبە لەوە دا بوو کە، هێشتا شوێنەوار و میراتی وەهمێکی خورافی کۆتایی پێ نەهاتبوو، خورافە و وەهمێکی تر لە ناوەندی بیری ئەو حیزبەدا جێی گرتەوە. هێشتا لە گەڵ سوونەت و میراتی فیکری و سیاسی رەفیق آذرین و منصوری حیکمت و حمید تقوایی ماڵئاواییان نەکرد بوو، علی رضا نوری زادەکان و موحسین سازگاراکان و شەهریار ئاهییەکان، دۆزرانەوە. ئەگەر لە سەردەمی حیزبی کۆمۆنیستدا مێشکی مرۆڤی کورد بە بیری هاوخەباتی لەگەڵ هاوتەبەقەکان دەخاپێندرا، ئەوجار بە گێڕانەوەی حیکایەتی عەزەمەت و شکۆی "خانە پدری" و " ئێرانی باستان" جێگۆرکێیان پێکرا.

لە رووی فیکری و هزرییەوە پانئێرانیسمی خومەڵاسداوی رێبەرانی ئەو حیزبە لەوە گیان سەختربوو لە وێستگەیەک بگیرسێتەوە. .چەشنی پانئێرانیسمی خۆمەلاسداوی ریبەرانی ئەو حیزبە مەسەلەیەکی تایبەتە و دەتوانین بلین بووەتە جۆرێک لە بیر بو کوردبینی. ئەوانە ی وا بە درێژایی چەندین سال وانەکانی کانونی کومونیسمی کارگەرییان شەو و رۆژ ئەز بەرکردوەو پاشان لە ژێرسەریان داناوە ، لەچاو ترووکانێکدا چۆن دەیانتوانی وا بە سانایی خۆ لە بیریی کویلەتی و پاشکۆیەتیی حیزب و روناکبیری ئێرانی رزگار بکەن؟ .

لووتکە و ترۆپکی سەردەستکردنی ئەم ڕێبازەشیان لە کاتی ڕاپەرینە جەماوەرییەکەی شارەکانی کوردستان لە ساڵی 2005 ی زایینیدا لێ بەدیارکەوت.

کاتێ لەو ساڵەدا ڕاپەڕینی گشتگیر بەشی هەرە زۆری شارەکانی کوردستانی گرتەوە، ڕاگەیاندراوی فەرمی ئەو حیزبە بەشێوەیەکی چەواشەکارانە هەولیدا نکۆڵی لە خەسڵەت و سرووشتی نەتەوەیی ئەم ڕاپەڕینە بکا و لە ژێر دەمامکی خەبات بۆ " دێموکڕاسی خوازی " و "حکومەتی سیکۆلار" مەسەلەی نەتەوایەتی وەک بزوێنەری سەرەکی ئەم هەژانە جەماوەرییە لە بەر چاوان بزر بکا.

بۆ ئەوەی لە زمان بەیاننامەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە بزانین بۆچی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوونە شانۆی بەرەنگار بوونەوەی ئاشکرا با سەرنجێک لە دەقی ئەو بەیاننامەیە بدەین:

سەردێری بەیاننامەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا: " گەلی کورد لە خەبات بۆ دێموکراسی لە دژی سەرەڕۆیی"

دوای ئەو سەردێرە لە دەقی ڕاگەیەندراوەکە داهاتبوو: " ناڕەزایی و ڕێپێوانی جەماوەری لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مهاباد و داخوازییەکانیان جارێکی تر کوردستانی وەک پەیکەرێکی پتەو، یەکگرتوو، خۆڕاگر و ئازادیخواز بەرەو ڕووی کۆنەپەرستی و دواکەوتووی ئیسلامی کردۆتەوە. بێ شک خەباتی سیاسی ئێستای کوردستان دەسپێکی قۆناخیکی نوێیە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا. ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو سەلماندیی کە وشیاری سیاسی، هاوبەشی بەرین و قووڵی جەماوەری، عەداڵەت خوازی ، بوێری و شەهامەت بۆ بەرنگار بوونەوە و بڕیاری گۆڕان، لە بەرانبەر دۆخی ترساندن و تۆقاندنی دیکتاتۆری ئیسلامی نە تەنیا دانەمرکانەوە، بەڵکوو پتەوتر بووە، بەتایبەت لە دوو حەوتووی ڕابردوو دا ناڕەزایی و خەباتی جەماوەری زۆر بە ڕوونی نیشانی دا کوردستان هێشتا پێشەنگ و سەنگەری دێموکراسی یە لە بەرانبەر زۆر وێژی و سەرەڕۆیی ئایینی. ئێمە داوا لە هەموو هیزە سیاسیسە دیموکرات وئازادیخوازەکان و هەلسووراونی کومەلایەتی وسیاسی لە سەرانسەر ئێران دەکەین خەباتی ئیستای جەماوەری کوردستان بە دژی کوماری ئیسلامی، بە خەباتیکی جەماوەری، مەدەنی و پیشکەوتخوازانە دژی دواکەوتویی، بە سەفی دیموکراسی وئازادیخوای دژی سەرەرویی، بە بەرەی سیکولاریزم لەبەرانبەر ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی و خەبات بو وەدسهینانی مافی ئینسانی و شارومەندیی لە بەرانبەر تالانکاری و زۆرویژی، بزانن و بێ هیچ شک و گومانێک پشتیوانی بکەن لە بزووتنەوە ی جەماوەریی کوردستان. تەنیا بەو شێوەیە دەکرێ هاوپشتی و هاوچارەنووسیی گەلان و خڵکی سەراسەری ئیران بپارێزری و پتەوتر بکرێ".

لە هەر ڕوویەکەوە لەو دەسپێکە بڕوانین، ئەمە سەرەتای لاڕێیەکی دیکە بوو. ئەگەر لە دەم و کاتی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە بە بیانووی گرینگیدان بە خەباتی چینایەتی نکۆڵی لە دۆزی نەتەوەیی کورد دەکرا، لە ڕۆژگاری ئێستاش دا لە ژێر ڕەشماڵی دێموکراسی خوازی و پێویستیی هاوخەباتی لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، هەولی کاڵ کردنەوەی گوتاری نەتەوەخوازیی کوردی خستوتە دەستووری کاری خۆیەوە. کاتێ سەیری هەڵسوکەوتی سیاسی ڕیبەرانی ئەو حیزبە بکرێ، بێباکییەکی سەیر دەبیندرێ بەرانبەر بەو ڕووداوانە کە پڕن لە ماناو دەلالەتی تراژیدیایی لە ماوەی ژیانی ئەو حیزبەدا. هەر کام لەو لاڕێییانەش لە گەڵ خۆیاندا حیکایەتی وێرانەیەکی سیاسیمان بۆ دەگێڕنەوەو باس لە دونیایەک دەکەن کە لە ناوەوە بە تەواوی بن کۆڵ بووە ، کەچی بەو حاڵەشەوە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک، پێ داگریی بو درێژەدانی دەکرێ .

ئەو دەسپێکە نیشانیدا ڕێبەرانی ئەو حیزبە چ پەند و دەرسێکیان لە تێهەڵکەوت لە تەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەرنەگرتووە. حیزبی کۆمەڵە سەرەرای پێکەوەژیانی چەندین ساڵە لە گەڵ ئێرانییە هاوبیرەکانی نەیتوانی کەمترین کارتێکەری ئەرێنی لە نێویاندا جێ بهێڵێ، کەچی سەیر ئەوەیە هەر ئەو حیزبە ئەوڕۆ وەدوای نەیارانی سوێندخۆری کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێران کەوتووە، ئێرانی بۆ دێموکڕاتیزە بکەن و لە سایی دێموکڕاسیی ئێرانیدا مافی کورد دابین بکرێ!.

بینای حیزبی کۆمەنیستی ئێران بەر لە هەر تشت لە سەر تونا کردنی وزەی بیرکردنەوەی سەربەخۆی مرۆڤی کورد و کوشتنی فانتازیا و خەوبینی نەتەوەیی کورد دامەزرا بوو، کەچی نزیک بە 20 ساڵی پێچوو تا بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لەو حەقیقەتە تێبگەن کە لە لایەن هاوتەبەقەکانیانەوە لە خشتەبراون وکەلکی ئامرازییان لێورگیراوە.

گەلۆ تۆ بڵێی لە سەردەمی ئێستادا چەندی پێ بچێ تا لەو ڕاستییەش تێبگەن کە ئێران بە کورد دێموکراتیزە نابێ. دێموکراتیزەکردنی ئێران بە مانای چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد نییە. هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەو حیزبەوە هەتا ئێستا گەورەترین گرفت و شکستی ئەو حیزبە، کێشەی لە بڕان نەهاتووە لەگەڵ چەمکی نەتەوە و نەتەوەخوازی. بەدرێژایی هەموو تەمەنی ئەو حیزبە، جۆری تێگەیشتنی کۆمەڵە لە نەتەوەخوازی، تێگەیشتنێک بووە کە لە نوخبە و حیزب و ڕێکخراوی نەتەوەی سەردەستەوە وەریگرتووە. ئێستاشی لەگەڵ بێت لە کاکڵەی بیری ئەو حیزبەدا، نەتەوەخوازی بە دیاردەیەکی دزێو و ناپەسەند دێتە ئەژمار. هەر بۆیە تا ئەو ڕۆژەی ئەو حیزبە نەتوانێ خوێندنەوەیەکی سەربەخۆ و خۆماڵیانە بۆ دیسکۆرسی نەتەوە و نەتەوەخوازی لە کوردستان بکا، ناتوانێ دەستێکی ئەمین و جێ متمانە بێ لە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستاندا.

---

[1]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، کتێبی "چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، لە نووسینی نووسەری ئەم دێڕانە.

[2]بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2 ی پێشڕەو و ئۆرگانی تیئۆریکی سیاسی کۆمەڵە.

[3] بروانە قطعنامەهای مصوب کنگره دوم کومله نیمه اول فروردین ماه 1360.

[4]پیام نشریه صدای انقلاب ایران شماره ۳۷.سال ۱۳٦۷، به مناسبت دوم بهمن سالروز تشکیل جمهوری مهاباد

[5]هراس حزب دمکرات از رشد مبارزه طبقاتی، پیام نشریه صدای انقلاب ایران،شماره ۳۷ سال ۱۳٦۷

[6]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: "ڕێبازی کۆمەڵە لە توێی بەڵگەکانیدا" نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە .

[7]عبدالله مهتدی، تداوم جنگ داخلی در کردستان و سیاست ما، نشریه کمونیست شماره کانی ۱۹ و ۲۰

[8]براهیم علیزاده نشریەپیام صدای انقلاب ایران،سال دوم شماره ۲۱ سال ۱۳٦۷

[9]بڕوانە، بەرنامەی کومەلە بو خودمختاری کوردستان گولانی ۱۳٦۱ی هەتاویی

[10]کومله را بهتر بشناسیم، لە بڵاو کراوەکانی بەشی چاپەمەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

........................................................................................

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم مژارە، بڕوانە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەری ئەم دێرانە:

- چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئەیوب ئەیوب زادە، بەرگی یەکەم، ساڵی وەشان 2002

- ڕێبازی کۆمەڵە لە توی بەڵگەکانیدا، ئەیوب ئەیوبزادە، (وەشانی ئەلکترۆنی(

http://helwist.com/Nuseran/Eyub%20Eyubzade/KomeLe/25%20%206%20%20Nasandn%20KomeLe.htm